# ڕاپۆرتی

## هەڵسەنگاندنی ڕەوشی سەروەریی یاسا و کواڵیتی لەناو دامەزراوەکانی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان -عێراق

| بەڕێوەبەری پرۆژە | لیژنەی سەرپەرشتی پرۆژە | لیژنەی هەماهەنگی |
|---|---|---|
| بیلال فارس ئەحمەد | ئاسودە فاخیر | مامۆستایانی زانکۆ |
| | هاوکار حەیدەر | شارەزایانی خوێندنی باڵا |
| | ساوین خالید | |
| | هودا حەسەن | |
| | سامان ڕەشاد | |

Email: Chawyzanko@gmail.com
FB: www.fb.com/chawyzanko
Phone No: +964 750 2062003
ئۆفیس: هەولێر – شەقامی ٤٠م – موفتی – باڵاخانەی هاروون نهۆمی٤

مانگی ٩ی ٢٠٢١

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| **دەروازە** | |
| ڕێکخراو | ٣ |
| پێشەکی | ٤ |
| پوختەی پرۆگرام | ٥ |
| **بەشی یەکەم** | |
| کەرتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان و یاساکانی. | ٦ |
| ئاستی جێبەجێکردنی یاساکان لەسەر ئاستی پۆستەهەڵگرە کارگێڕییەکان. | ٧ |
| هۆکاری پێشێلکارییە یاساییەکان . | ١٦ |
| ڕاسپاردە و چارەسەر. | ١٨ |
| **بەشی دووەم** | |
| پرۆسەی دڵنیایی جۆری | ١٩ |
| ڕیزبەندی نیشتمانیی زانکۆکان | ٢١ |
| پرۆسەی بۆڵۆنیا (بۆلۆنیا پرۆسێس) | ٢٤ |
| سیستەمە قوتابییەکان/خوێندکارییەکان | ٣٠ |
| کردنەوەی زانکۆ و کۆلێژەکان | ٣٢ |
| دۆخی توێژینەوە و توێژەران لە هەرێمی کوردستان | ٣٣ |
| پۆستە بەوەکالەتەکان | ٣٥ |
| **بەشی سێیەم** | |
| پاشکۆی داتاکان | ٣٦ |
| **بەشی چوارەم** | |
| سەرچاوەکان | ٧٤ |
| پاشکۆی کار و چالاکییەکانی ڕێکخراو | ٧٥ |

# دەروازە

## ناساندنی ڕێکخراو

**ڕێکخراوی چاوی زانکۆ:** ڕێکخراوێکی کوردستانیی سەربەخۆی – خۆبەخشی ئارەزوومەندانەیە, بە گوێرەی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤ لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تۆمارکراوە. ڕێکخراوی چاوی زانکۆ لە بوارەکانی کاروباری خوێندکاران/قوتابییان, پەروەردە و فێرکردن, ڕۆشنبیری, زانستی ماف و ئازادییەکان و پەرەپێدانی تواناکان لە هەرێمی کوردستان کار دەکات.

### ناساندنی سندوقی نیشتمانیی ئەمریکی بۆ دیموکراسی:

دەزگایەکی تایبەتی قازانج نەویستە (نابازرگانی)یە, لە ساڵی١٩٨٣ دامەزراوە بە ئامانجی گەشەکردن و زیاتر بەهێزکردنی دیموکراسی لە سەرانسەری جیهان. بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن کۆنگرێسی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە شایستە داراییەکانی لە بودجەی وڵات بۆ دابین دەکرێت.

ئەم دامەزراوەیە ساڵانە زیاتر لە ١٢٠٠ گرانت (بەخشین) لە (٩٠) وڵاتی جیاواز دەبەخشێت و پاڵپشتی لەو پرۆژانە دەکات کە لە لایەن ڕێکخراو و گروپ ناحکومییە - سەربەخۆکان پێشکەش دەکرێن, کە ئامانج و کارکردنیان بڵاوکردنەوەی و چەسپاندنی دیموکراسییە.

دەزگاکە لە لایەن ئەنجومەنێك بەڕێوەدەبرێت, کە لە کەسانی ناودار و پسپۆڕ و شارەزای چەندان بواری جیاواز پێکدێت, کە لە بڕیارداندا سەربەخۆن.

# پێشەکی:

زانکۆ و کەرتی خوێندنی باڵا وەک کۆڵەگەیەکی گرنگیی حکومڕانی دروست لە بڵاوکردنەوەی بیری نوێگەری و داهێنانی زانستی و پێگەیاندنی تاکی سەرکردە لە هەر وڵاتێکدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، واتە زانکۆ کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە دروستکردن وهاتنە ئارای بڕیاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە. بە واتایەکی تر زانکۆ کاریگەریی ڕاستەخۆی لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگە هەیە لە ڕێگەی کادیرەکانی و بەهەمان شێوەش لەسەر حکومەت و ناوەندەکانی تری بڕیاردان و لەسەر یاساکانیش.

لە هەرێمی کوردستانی عێراق کێشەکانی خوێندنی باڵا تا ڕادەیەکی زۆر قووڵ بوونەتەوە، وەك کێشەی پەیکەری کارگێڕی و بیرۆکراسیەت و بودجە و سەربەخۆیی بڕیاردان و دەستتێوەردانە دەرەکییەکان کە بوونەتە لەمپەڕ لە بەردەم گەشەکردنی زانکۆکان و کەمبوونەوەی ڕۆڵی زانکۆکان لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا. هەر بە هۆی ئەمانەوە زانکۆکانی هەرێم بوونەتە گۆڕەپانێك بۆ ململانێ سیاسی و دەستێوەردانەکان دەرەکییەکان.

"شاراوە نییە لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی زانکۆکان لە لایەن هەر دوو حزبی دەسەڵاتداری هەرێم دەستێوەردانی تێدا دەکرێت" بە تایبەتی لە ڕێگەی دانانی سەرکردە کارگێڕییەکان لە زانکۆکان، کە زۆر جار بە دەر لە یاساکان ئەنجام دراوە. هەر بە هۆی پێشێلکردنی یاساکانی خوێندنی باڵاوە لە ئاستی جیاواز و بواری جیاوازدا, کەمترین بەشداری بە پێکهاتەکانی ناو زانکۆ کراوە لە توێژی مامۆستایان و قوتابییان/خوێندکاران, کە دوو پێکهاتەی سەرەکیی سێکتەرەن و خودی زانکۆش لە ئەنجامدانی دیبەتی سیاسیی ئازاد و ڕەخنەگرتن و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی ڕۆڵی لاواز بووە.

ڕێکخراوی چاوی زانکۆ بە گرنگی زانی هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە و بابەتییانە بۆ ڕەوشی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستاندا بکات و ڕێژەی جێبەجێکردنی یاساکان لە نێو پەیکەری کارگێڕیی ناوەندە گەورەکانی مەعریفی و زانستی دیاری بکات، ئەوەش بە مەبەستی:

- هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتی و خودی کادیرانی ئەم ناوەندە مەعریفییانە و ئاماژەدان بەو کاریگەرییە نەخوازراوەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر دواکەوتنی کۆمەڵگە و حکومڕانیی دروست بەجێی هێشتووە.
- پێدانی ڕاسپاردە و ڕێگە چارەسەر بە کەسانی بڕیاردەر بە ئامانجی باشترکردنی ئەم سێکتەرە گرنگە.

## دەربارەی پرۆژە

## پوختەی پرۆگرام:

هەڵسەنگاندنی ڕێژەی جێبەجێکردنی یاساکان و ئاستی کوالێتی و کێشە و گرفتەکانی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پێشکەش کردنی راپۆرتێکی تایبەت و شرۆڤەکاری و ئەنجامدانی دیداری زانکۆکان بەئامادەبوونی بەرپرسە باڵاکان و ئەندامانی پەرلەمان و سەرکردە کارگێریەکانی ناوەندەکانی خوێندنی باڵا و دەزگاکانی راگەیاندن و مامۆستا و قوتابیان/خوێندکارانی زانکۆ .

### ئامانجی پرۆگرام:

چەسپاندنی سەروەری یاسا و قولکردنەوەی بنەماکانی دیموکراسی لەناو دەمەزراوەکانی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان .

### دیدگای پرۆگرام:

ستراتیژ و پلانی پرۆگرام تاوەکو ناوەراستی ٢٠٢٢ دیاریکراوە بەرامبەر سێکتەری خوێندنی باڵا کە خۆی دەبینیتەوە لە چاودێری و هەڵسەنگاندنی رەوشی خوێندنی باڵا لەرووی یاسایی و زانستی و کوالێتیەوە و بابەتەکانی بەشداری و چەسپاندنی بنەمەکانی دیموکراسی لەرێگای بلاکردنەوەی میدیایی و پێشاندانی راستیەکان و هاندانی زیاتری دەمەزراوەکانی خوێندنی باڵا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کوالێتی و سەرەوەری کردنی یاسا .

لە کۆتاییدا وەك دامەزراوەیێکی کۆمەڵگای مەدەنی – سەربەخۆ دەتوانین رۆلیکی گرینگ ببینین لە چاودێریکردنی سیستەمی حکومرانی و پرۆسەکانی بریاردان بۆئەوەی فشاری کاربەجێگەیاندن و کاراکردنی سیستەم بخەینە سەر دەمەزراوەکانی خوێندنی باڵا. ئەمەش دەبێتە میکانیزمیکی زۆر باش بۆ سەروەریکردنی یاسا .

## پوختەی ڕاپۆرت:

راپۆرتەکە وەك شیکاریەکی چاودێری خۆی نیشاندەدات کە تێیدا تیشك خراوەتە سەر چەند تەوەرێکی گرینگ دەرباری رەوشی چێبەجێکردنی یاساکان و ئاستی کوالێتی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

<u>راپۆرتەکە</u>

1. کێشەکانی خوێندنی باڵا و ئاستی جێبەجێکردنی یاساکانی پەیوەندیدار بە خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان دەخاتە روو.
2. هۆکاری کێشەکان و چارەسەریان دیاری دەکات لە ڕێگای ڕاسپاردەوە پێشکەشی لایەنی پەیوەندیداری دەکات.

لە رووی ستراکچەرەوە راپۆرتەکە لەم رووانەوە کێشە و پێشێلکاریەکان دەخاتە روو:

1. لە رووی کارگێری ( دانانی سەکردە کارگێریەکانی زانکۆکان).
2. کوالێتی ( دڵنیایی جۆری، ڕیزبەندی نیشتمانیی زانکۆکان و بۆلۆنیا پرۆسێس ).
3. کاروباری قوتابییان/خوێندکاران (بابەتی بەشداری ) ( سیستەمی نوێی پێشنیارکراو ).
4. بابەتەکانی تر

# بەشی یەکەم: یەکەم

## کەرتی خوێندنی باڵا و یاساکانی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٦ دامەزراوە، بە یاسای ژمارەی (١٠) ساڵی (٢٠٠٨) کارەکانی ڕێکخراوە، واتا لە پێش یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە لە سەرەتادا وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە حکومەتی هەرێم – ئیداری سلێمانی لە سەردەمی کابینەی د. بەرهەم سالح دروست کراوە. لە ئیدارەی هەولێر وەزارەت نەبوو, بەڵام لە ڕێگەی بۆردێکی باڵا بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران سەرپەرشتی زانکۆکان دەکرا. دوای گەشەکردنی بەردەوام و دامەزراندنی چەندان زانکۆی نوێی حکومی و ئەهلی و فراوانبوونی کەرتی خوێندنی باڵا، چەندان یاسا لەم پێناوەدا لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووێندراون.

### ▪ پێش دروستبوونی وەزارەتی خوێندنی باڵا

<u>پێش دروستبوونی وەزارەت سێ (٣) یاسا لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووێندراون بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کەرتی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستاندا.</u>

1. یاسای ژمارە (٣٤)ی ساڵی (٢٠٠٤)ی یاسای وەزارەتی فێرکردنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ هەرێمی کوردستان.
2. یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (١٩٩٧)ی یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی ژمارە (١٢)ی ساڵی (١٩٩٣)
3. یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی (١٩٩٣)ی یاسای خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی.

### ▪ دوای دروستبوونی وەزارەتی خوێندنی باڵا

<u>٥ یاسا و هەمواری یاسا هەن بۆ ڕێکخستنەوەی سێکتەری خوێندنی باڵا (کەرتی گشتی و تایبەت)</u>

1. یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا.
2. یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی٢٠١٢ یاسای بەخشینی ناسناوی زانستی و بەرزکردنەوەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا, کە لە دەرەوەی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا خزمەت دەکەن لە هەرێمی کوردستان - عێراق.
3. یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان. عێراق.
4. یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای جێبەجێکردنی یاسای ڕاژەی زانکۆی فیدراڵی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان - عێراق.
5. یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

لەگەڵ هەبوونی یاسای زۆر و چەندان ڕێنمایی و بریار بۆ ڕێکخستنی ئەم کەرتە دەرچووێندراون.

# بەشی یەکەم: دووەم

## هەڵسەنگاندنی ئاستی جێبەجێکردن بۆ ماددەکانی یاسای ژمارەی (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان – عێراق، یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨:

یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٨ بە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان ناسراوە, کە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی وەزارەتی لەسەر دارێژراوە، یاساکە لە ٩ بەش و ٥٦ ماددەی یاسایی پێکهاتووە، یاساکە یەك جار لە ساڵی ٢٠١٤ لە ماددەی حەوتەم هەمواری یەکەمی بۆ کراوە, دوای ئەوە هیچ هەموار و گۆڕانکارییەکی بەسەردانەهاتووە.

یاساکە لەم بەشانە پێکهاتووە :

بەشی یەکەم: پێناسەکان، بەشی دووەم : ئامانج و ئەرکەکان، بەشی سێیەم: پێکهاتە و دەسەڵاتەکان، بەشی چوارەم: دەزگاکانی خوێندنی باڵا، بەشی پێنجەم: زانکۆکان، بەشی شەشەم: ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتییەکانی پزیشکی، بەشی حەوتەم: دەستەی کوردستانی بۆ خوێندنی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی، بەشی هەشتەم: دەزگاکانی خوێندنی باڵای ناحکومی، بەشی نۆیەم: حکومە گشتییەکان.

لەم ڕاپۆرتە زیاتر سەرنج خراوەتە سەر بەشی پێنجەم, کە تایبەتە بە زانکۆکان و لە ١٨ ماددە پێکهاتووە (ماددەی هەشتەم تاوەکو ماددەی بیست و پێنجەم):

سەرنج لەسەر ماددەکان:

### ماددەی نۆیەم: باس لە دانانی سەرۆکی زانکۆ دەکات

سەرۆکی زانکۆ لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە لەسەر پێشنیازی وەزیری خوێندنی باڵا بۆ ماوەی چوار ساڵ دادەنرێ و قابیلی درێژکردنەوەی هەیە بۆ یەک جار و بە پلەی تایبەت دادەنرێ و بە پێی ئەم پێوەرانەی خوارەوە:-

یەکەم : بڕوانامەی دکتۆرای هەبێ

دووەم: بەلایەنی کەم ناسناوی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەر بێ.

سێیەم: خزمەتی لە ١٠ ساڵ کەمتر نەبێ.

چوارەم: خاوەن توانا و شیاوی کارگێڕی و شارەزایی و دەستپاکی و ئەمانەتی زانستی بێ لە کارکردندا.

سەرپێچییەکانی ئەم ماددەیە  زیاتر بریتن لە:

- پێدانی و پڕکردنەوەی پۆستەکە بەوەکالەت بۆ ماوەیەکی درێژ "هەندێك سەرۆکی زانکۆ بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵ بەوەکالەت بوون".
- مانەوەی سەرۆکی زانکۆکان بۆ ماوەی زیاتر لە دوو خول واتا بۆ ماوەی زیاتر لە ٨ ساڵ .
- کەمترین گرنگیی بە برگەی چوارەمی ماددەکە دەدرێ, کە خاڵێکی گرنگە بۆ کەسە کارگێڕییەکان لە هەڵبژاردنی کەسێکی تەکنۆکراتیی خاوەن ئەزموون.

### ماددەی یازدەم: باس لە دانانی یاریدەدەرەکانی سەرۆکی زانکۆ دەکات

سەرۆکی زانکۆ سێ یاریدەدەری دەبێ بۆ هەریەک لە کاروباری کارگێڕی و دارایی، کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا و کاروباری قوتابیان/خوێندکاران و لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دوای پاڵاوتنیان لە لایەن سەرۆکی زانکووە بە پلەی بەڕێوبەری گشتی دادەمەزرێن بە پێی ئەم پێوەرانەی خوارەوە:

یەکەم: بڕوانامەی دکتۆرای هەبێ.

دووەم: بە لایەنی کەم زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەبێ.

سێیەم: بە لایەنی کەم خزمەتی لە ١٠ ساڵ کەمتر نەبێ.

سەرپێچییەکانی ئەم ماددەیە زیاتر بریتین لە:

- پێدانی و پڕکردنەوەی پۆستەکە بەوەکالەتە بۆ ماوەیێکی درێژ.
- زۆرجار دوو پۆست لە لایەن یەك کەسەوە بەڕێوە دەبرێ.
- دانانی کەسانێك بە پلەی زانستیی مامۆستا.

لە ماددە قانوونییەکە بە هیچ شێوەیەك باس لە ماوەی مانەوەی پۆستەکان نەکراوە, کە بۆ ماوەی چەند خولە و ئەرک و تایبەتمەندییە کارگێریەکانیشیان دیار نەکراوە.

## ماددەی دوازدەیەم: ئەنجومەنی زانکۆ

**برگەی چوارەم:** کە باس لە دانانی نوێنەری مامۆستایان (دەستەی وانەبێژان) دەکات وەک ئەندام لە ئەنجومەنی زانکۆ لە

ڕێگەی هەڵبژاردنەوە, کە پلەی زانسی لە مامۆستا کەمتر نەبێ.

- باس لە میکانیزمی هەڵبژاردنەکە و چۆنیەتیی هەڵبژاردنەکە کەسەکە نەکراوە.
- زۆرێک لە مامۆستایانی زانکۆ ئاگاداری هەڵبژاردنی نوێنەریەکەیان نین یاخود نایناسن و نازانن کێ نوێنەرانە, چونکە بە شیوەیەکی مەرکەزی دانراوە.
- هەندێك جار نوێنەری مامۆستایان دانراوە ناسناوی زانسی مامۆستای یاریدەدەر بووە.
- نوێنەری مامۆستایان بەشدارییەکی لاوەکی و کەمیان پێدەکرێ و زۆر جار ناتوانن داکۆکیی لە مافی مامۆستایان بکەن.

**برگەی حەوتەم:** کە باس لە دانانی نوێنەری قوتابییان/ خوێندکاران دەکات وەك ئەندامی ئەنجومەنی زانکۆ لەو کاروبارانەی پەیوەندیی بە خۆیانەوە هەیە .

- میکانیزمی دانانی نوێنەری قوتابییان/ خوێندکاران باس نەکراوە.
- نوێنەری قوتابییان/ خوێندکاران بە شێوەیەکی مەرکەزی لە لایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ زانکۆکانی ژێر هەژمونی ئەم حزبە دادەنێرێ, لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە. زانکۆکانی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆکیش لە لایەن یەکێتیی قوتابییانی کوردستانی سەر بە پارتیی دیموکراتیی کوردستانەوە دادەنرێن, کە ئەوان زیاتر نوێنەرایەتیی ڕێکخراوەکانی خۆیان دەکەن بە بەراورد بەوەی نوێنەرایەتیی کۆی قوتابییان/ خوێندکاران بکەن لەناو زانکۆکانی خۆیاندا.

## مادەی چواردەیەم: ڕاگری کۆلێژەکان

**برگەی یەکەم:** تایبەتە بە ڕاگری کۆلێژەکان و مەرجەکانی دانانیان لەم پۆستەدا، بە جۆرێک یاساکە پێویستیی کردووە (ڕاگری کۆلێژ خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا بێ و بە لایەنی کەم هەڵگری ناسناوی زانسی پڕۆفیسۆری یاریدەدەری بێ وخزمەتی زانکۆیی لە ١٠ ساڵ کەمتر نەبێ)، لەسەر پێشنیاری سەرۆکی زانکۆ دادەمەزرێ بۆ ماوەی یەك خول (٤ ساڵ).

سەرپێچییەکانی ئەم ماددەیە وەک لە داتاکانیش بەردەستە زیاتر بریتین لە:

- پێدانی و پڕکردنەوەی پۆستەکە بەوەکالەت بۆ ماوەیەکی درێژ.
- مانەوەی ڕاگر بۆ ماوەی زیاتر لە یەك خول.
- دانانی کەسێک کە پلەی زانستی لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر نزمترە.

**برگەی سێیەم:** دانانی یاریدەدەری ڕاگر بۆ کاروباری کارگێری و قوتابییان/خوێندکاران کە پلەی زانسی لە مامۆستا کەمتر نەبێ و بە بڕیاری سەرۆکی دەستە و لەسەر پێشنیازی ڕاگر, بەڵام هەندێك جار دەبینن کەسانێك دادەنرێن, کە پلەی زانستیان مامۆستای یاریدەدەرە وەك لە داتاکاندا هەیە.

## ماددەی شازدەیەم: ئەنجومەنی کۆلێژ

**لە برگەی چوارەم و برگەی شەشەم:** کە باس لە نوێنەری مامۆستایان و نوێنەری قوتابییان/ خوێندکاران دەکات بە هەمان شێوەی ئەنجومەنی زانکۆیە, کە نوێنەری مامۆستایان و نوێنەری قوتابییان/ خوێندکاران بە دەر لە یاساکان بەشدارییەکی لاوەکییان پێ دەکرێ، هەندێك مامۆستایان و قوتابییان/ خوێندکاران ئاگاداری هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان نین و "تەنانەت زۆرینە نازانن نوێنەرەکانیان کێن ".

## ماددەی هەژدەم : سەرۆکی بەش یان لق و کردنەوەی بەش

لە کاتی کردنەوەی بەش پێوستە پێنج مامۆستای پسپۆڕهەبن و بە لایەنی کەم دووان لەوانە خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا بن.

**بڕگەی یەکەم:** سەرۆکی بەش بە بڕیاری سەرۆکی زانکۆ لەسەر پێشنیازی ڕاگری کۆلێژ دادەمەزرێ, بە جۆریك بە لایەنی کەم هەڵگری پلەی زانستی پڕۆفیسۆری یاریدەدەری بێ.

**بڕگەی دووەم:** بۆ هەر بەشێك دەبێت ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە ١٤ پتر نەبێ و لە ٨ کەمتر نەبێ، دەبێت خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا بن یان لەوانە بن, کە هەڵگری ناسناوی پڕۆفیسۆری یاریدەدەرن و بە لایەنی کەمەوە پێنج ساڵ خزمەتی زانکۆییان بە کردەیی هەبێ.

- بە پێی داتاکان زۆرترین پێشێلکاری لە ماددەی هەژدەیەمدا کراوە لە دانانی سەرۆکی بەش، ئەویش بە دانانی کەسانێك کە خاوەنی پسپۆڕی نین و پلەی زانستییان پڕۆفیسۆر یان پرۆفیسۆری یاریدەدەر نییە.
- هەر بە پێی داتاکان زۆرێك لە بەشەکان بەبێ هەبوونی ستافی تەواو و هەبوونی پسپۆڕ تێیاندا کراونەتەوە.

**ماددەکانی ٢٠ تاوەکو ٢٤** : کە باس لە پێدانی پلەی زانستی دەکات بۆ پلەکانی وەك (مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا ، پڕۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر).

- پسۆرانی بواری خوێندنی باڵا جگە لە مەرجی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی, دانانی مەرجی ماوە (ساڵەکان) بە شتێکی باش نابینن. بۆ نموونە بۆ بوون بە پڕۆفیسۆر باس کراوە دەبێت ٦ ساڵ تێپەڕبووبێ بەسەر پرۆفسیۆری یاریدەدەرییەکەی و لە ٦ توێژینەوە بەشداربووبێ و بە لایەنی کەم ٣ توێژینەوەی ئەسڵی بن و یەکێکیانی بەتەنیا ئەنجام دابێ.

## ئاستی جێبەجێکردنی یاسا بەرکارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ خاوەن پۆستە کارگێڕییەکان لەسەر ئاستی زانکۆکانی هەرچوار پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە – کەرتی گشتی (حکومی):

1. ماددەی نۆیەم : دانانی سەرۆکی زانکۆ.
2. ماددەی یازدەیەم : دانانی یاریدەدەرەکانی سەرۆکی زانکۆ.
3. ماددەی چواردەیەم : دانانی راگری کۆلێژ و یاریدەدەری راگر بۆ کاروباری قوتابییان.
4. ماددەی هەژدەهەم : سەرۆکی بەش یان لقی زانستی.

- گشت داتاکان وەرگیراون لە ماڵپەری زانکۆکان جگە لە زانکۆی سەلاحەددین کە لە رێگای رێبەری ساڵانە درەچووان بووە .
- داتا وەرگیراوەکان لەنێوان مانگی ٩ی ٢٠٢٠ بۆ مانگی ٩ی ٢٠٢١ بووە. گۆرانکاریەکانی دواتر لە پۆستەهەڵگرە کارگێریەکان لەم راپۆرتە جێگایی بۆ نەکراوەتەوە، بەڵکو لە راپۆرتی داهاتوو ئاماژەی پێ دەکرێت .
- رێزبەندی کردنی زانکۆکان بەپێ پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و ئینجا زانکۆکانیتر دانراون .

| ژمارە | ناوی زانکۆ | جۆری خاوەن پۆستەکان | ژمارە | دامەزراندن بە دەر لە یاسا | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1. | زانکۆی سەلاحەدین<br>تاکە زانکۆ بووە ڕێبەری دەرچووانی بە شێوەی ئەلیکترۆنی بلاوکردووەتەوە و گشت زانیارییەکان بەردەست بووە. | سەرۆکایەتی زانکۆ | ٤ | نییە: ( پۆستی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆکاروباری کارگێڕی پڕنەکراوتەوە)، سەرۆکی زانکۆ بەوەکالەتە. | لە کۆی گشتی ١٢٠ پۆستی کارگێڕی ناو زانکۆی سەلاحەدین (٥٠ پۆست بە دەر لە یاسا پڕکراونەتەوە).<br>بۆ بینینی داتاکان سەیری لاپەڕە ٣٦ بکە. |
| | | ڕاگرەکان | ١٥ | نییە: (دوو لە ڕاگرەکان بەوەکالەتن) | |
| | | یاریدەدەری ڕاگرەکان | ١٥ | هەیە: ٥ یاریدەدەر بە دەر لە یاسا دانراون | |
| | | سەرۆک بەشەکان | ٨٧ | هەیە: ٤٥ سەرۆک بەش مەرجەکانیان تێدا نییە, کە دەکاتە ڕێژەی ٥٢٪ کۆی گشتی سەرۆک بەشەکان | |
| 2. | زانکۆی سلێمانی<br>داتاکان لە ماڵپەڕی زانکۆکە وەرگیراون، داتای گشت خاوەن پۆستەکان بەردەست نییە. | سەرۆکایەتی زانکۆ | ٤ | هەیە: ١ یاریدەدەر بە دەر لە یاسا دانراوە | زانکۆکە لە ١٤٤ پۆستی کارگێڕی پێکهاتووە، زانیاری لەبارەی ١١٣ پۆست بەردەستە (٤٨ پۆست بە دەر لە یاسا پڕکراونەتەوە)<br>بڕۆ بۆ لاپەڕەی٣٩ |
| | | ڕاگرەکان | ١٩ | هەیە: ٦ ڕاگر بە دەر لەیاسا دانراون | |
| | | یاریدەدەری ڕاگرەکان | ١٩ | زانیاری بەردەست نییە | |
| | | سەرۆک بەشەکان | ١٠٢ | هەیە:٤١سەرۆک بەش لە کۆی ٩٠ سەرۆک بەش (داتای بەردەست) مەرجەکانیان تێدا نییە, کە دەکاتە ڕێژەی ٤٥٪ | |
| 3. | زانکۆی دهۆک<br>داتاکان لە ماڵپەڕی زانکۆکە وەرگیراون، داتای گشت خاوەن پۆستەکان بەردەست نییە. | سەرۆکایەتی زانکۆ | ٤ | نییە: پۆستی جێگری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی بەتاڵە و جێگرێکیش بە وەکالەتە. | زانکۆکە لە ١١٨ پۆستی کارگێڕی پێکهاتووە، زانیاری لەبارەی ٧٨ پۆست بەردەستە (٣٣ پۆست بە دەر لە یاسا پڕکراونەتەوە).<br>بڕۆ بۆ لاپەڕەی٤٣ |
| | | ڕاگرەکان | ١٨ | هەیە: ١ڕاگر بە دەر لە یاسا دانراوە و ١٣ ڕاگر بەوەکالەتن. | |
| | | یاریدەدەری ڕاگرەکان | ١٨ | زانیاری بەردەست نییە | |
| | | سەرۆک بەشەکان | ٧٨ | هەیە :٣٢سەرۆک بەش لە کۆی ٥٦ سەرۆک بەش (داتای بەردەست) مەرجەکانیان تێدا نییە, کە دەکاتە ڕێژەی ٥٧٪ | |
| 4. | زانکۆی هەڵەبجە<br>داتاکان لە ماڵپەڕی زانکۆکە وەرگیراون، داتای گشت خاوەن پۆست بەردەست نییە. | سەرۆکایەتی زانکۆ | ٤ | هەیە: ١ یاریدەدەر بە دەر لە یاسا دانراوە | زانکۆکە لە ٣٣ پۆستی کارگێڕی پێکهاتووە, زنیاری دەربارەی تەنیا ٢٣ پۆست بەردەستە. (لەم ٢٣ پۆستە ١٧ پۆست بە دەر لە یاسا پڕکراونەتەوە).<br>بڕۆ بۆ لاپەڕەی٤٦ |
| | | ڕاگرەکان | ٦ | هەیە: ٤ ڕاگر بە دەر لە یاسا دانراوە | |
| | | یاریدەدەری ڕاگرەکان | ٦ | زانیاری بەردەست نییە | |
| | | سەرۆک بەشەکان | ١٧ | هەیە:١٢سەرۆک بەش لە کۆی ١٣ سەرۆک بەش (داتای بەردەست) مەرجەکانیان تێدا نییە, کە دەکاتە ڕێژەی ٩٢٪ | |

| ژمارە | ناوی زانکۆ | جۆری خاوەن پۆستەکان | ژمارە | دامەزراندن بە دەر لە یاسا | |
|---|---|---|---|---|---|
| 5. | زانکۆی سۆران<br>داتاکان لە ماڵپەڕی زانکۆکە وەرگیراون، داتای گشت خاوەن پۆستەکان بەردەست نییە. | سەرۆکایەتی زانکۆ | ٤ | هەیە: دوو یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بە دەر لە یاسا دانراون). | لە کۆی گشتی ٣٤ پۆست تەنیا زانیاری لەبارەی (٢٩ پۆست بەردەستە) لەم داتایە ٢٤ پۆست بە دەر لە یاسا پڕکراونەتەوە.<br>بڕۆ بۆ لاپەرە ٤٩ |
| | | ڕاگرەکان | ٥ | هەیە: ٣ ڕاگر بە دەر لە یاسا دانراون | |
| | | یاریدەدەری ڕاگرەکان | ٥ | زانیاری بەردەست نییە | |
| | | سەرۆک بەشەکان | ٢٠ | هەیە:١٩ سەرۆک بەش لە کۆی گشتی ٢٠ سەرۆک بەش مەرجەکانیان تێدا نییە، کە دەکاتە ڕێژەی ٩٥٪ | |
| 6. | زانکۆی ڕاپەڕین<br>داتاکان لە ماڵپەڕی زانکۆکە وەرگیراون، داتای گشت خاوەن پۆستەکان بەردەست نییە. | سەرۆکایەتی زانکۆ | ٤ | نییە: جێگری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی پڕ نەکراوەتەوە . | لەکۆی گشتی ٥٣پۆست تەنیا زانیاری لەبەرە (٤٥ پۆست بەردەستە) لەم داتایە ١٩پۆست بە دەر لە یاسا پڕکراونەتەوە.<br>بڕۆ بۆ لاپەرە ٥٢ |
| | | ڕاگرەکان | ٧ | نییە | |
| | | یاریدەدەری ڕاگرەکان | ٧ | زانیاری بەردەست نییە | |
| | | سەرۆک بەشەکان | ٣٥ | هەیە: ١٩ سەرۆک بەش لە کۆی ٢٨ سەرۆک بەش (داتای بەردەست) مەرجەکانیان تێدا نییە, کە دەکاتە ڕێژەی ٦٧٪ | |
| 7. | زانکۆی زاخۆ<br>داتاکان لە ماڵپەڕی زانکۆکە وەرگیراون، داتای گشت خاوەن پۆستەکان بەردەست نییە. | سەرۆکایەتی زانکۆ | ٤ | نییە | لە کۆی گشتی ٤٦ پۆست تەنیا زانیاری لەبارەی (٣٩ پۆست بەردەستە) لەم داتایە ٢٤ پۆست بە دەر لەیاسا پڕکراونەتەوە .<br>بڕۆ بۆ لاپەرە ٥٤ |
| | | ڕاگرەکان | ٧ | هەیە: ١ ڕاگر بە دەر لە یاسا دانراوە | |
| | | یاریدەدەری ڕاگرەکان | ٧ | هەیە: ٥ یاریدەدەری ڕاگر بە دەر لە یاسا دانراون | |
| | | سەرۆک بەشەکان | ٢٨ | هەیە :١٨ سەرۆک بەش لەکۆی ٢١ سەرۆک بەش ( داتای بەردەست )مەرجەکانیان تێدانیە کەدەکاتە ڕێژەی ٨٦٪ | |
| 8. | زانکۆی گەرمیان<br>داتاکان لە ماڵپەڕی زانکۆکە وەرگیراون، داتای گشت خاوەن پۆستەکان بەردەست نییە. | سەرۆکایەتی زانکۆ | ٤ | هەیە: ١ یاریدەدەر بە دەر لە یاسا دانراوە و یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران پڕنەکراوەتەوە. | لە کۆی گشتی ٥٠ پۆست تەنیا زانیاری لەبارەی ( ٣٩ پۆست بەردەستە) لەم داتایە ٢٥ پۆست بە دەر لە یاسا پڕکراونەتەوە.<br>بڕۆ بۆ لاپەرە ٥٧ |
| | | ڕاگرەکان | ٨ | هەیە: ٣ ڕاگر بە دەر لە یاسا دانراون | |
| | | یاریدەدەری ڕاگرەکان | ٨ | زانیاری بەردەست نییە | |
| | | سەرۆک بەشەکان | ٣٠ | هەیە:٢١ سەرۆک بەش لە کۆی ٢٨ سەرۆک بەش (داتای بەردەست) مەرجەکانیان تێدا نییە, کە دەکاتە ڕێژەی ٧٥٪ | |

| ژمارە | ناوی زانکۆ | جۆری خاوەن پۆستەکان | ژمارە | دامەزراندن بە دەر لە یاسا | |
|---|---|---|---|---|---|
| 9. | زانکۆی کۆیە<br>داتاکان لە ماڵپەڕی زانکۆکە وەرگیراون، داتای گشت خاوەن پۆستەکان بەردەست نییە. | سەرۆکایەتی زانکۆ | ٤ | نییە | لە کۆی گشتی ٣٨پۆست تەنیا زانیاری لەبارەی (٣٤ پۆست بەردەستە) لەم داتایە, ١٥ پۆست بە دەر لە یاسا پڕکراونەتەوە.<br>برۆ بۆ لاپەرە ٦٠ |
| | | ڕاگرەکان | ٤ | نییە | |
| | | یاریدەدەری ڕاگرەکان | ٤ | زانیاری بەردەست نییە | |
| | | سەرۆک بەشەکان | ٢٦ | هەیە: ١٥ سەرۆک بەش مەرجەکانیان تێدا نییە, کە دەکاتە ڕێژەی ٥٨٪ کۆی گشتی سەرۆک بەشەکان | |
| 10 | زانکۆی چەرمۆ<br>داتاکان لە ماڵپەڕی زانکۆکە وەرگیراون، داتای گشت خاوەن پۆستەکان بەردەست نییە. | سەرۆکایەتی زانکۆ | ٤ | هەیە: ١ یاریدەدەر بە دەر لە یاسا دانراوە و ١ یاریدەدەر پۆستەکەی بەتاڵە. | لە کۆی گشتی ٢٤ پۆست لەم داتایە (١٧ پۆست) بە دەر لە یاسا پڕکراونەتەوە.<br>برۆ بۆ لاپەرە ٦٢ |
| | | ڕاگرەکان | ٣ | هەیە: ٢ ڕاگر بە دەر لە یاسا دانراوان | |
| | | یاریدەدەری ڕاگرەکان | ٣ | زانیاری بەردەست نییە | |
| | | سەرۆک بەشەکان | ١٤ | هەیە: هەر ١٤ سەرۆک بەش مەرجەکانیان تێدا نییە واتا ڕێژەی ١٠٠٪ | |
| 11 | زانکۆی پۆلیتەکنیک – هەولێر<br>داتاکان لە ماڵپەڕی زانکۆکە وەرگیراون، داتای گشت خاوەن پۆستەکان بەردەست نییە. | سەرۆکایەتی زانکۆ | ٤ | نییە: پۆستی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆکاروباری قوتابییان پڕنەکراوەتەوە. | لە کۆی گشتی ١٩ پۆست, تەنیا زانیاری لەبارەی (١٣پۆست بەردەستە) لەم داتایە ٢ پۆست بە دەر لە یاسا پڕکراونەتەوە.<br>برۆ بۆ لاپەرە ٦٥ |
| | | ڕاگرەی کۆلێژەکان | ٣ | نییە: یەك ڕاگر بەوەکالەتە | |
| | | یاریدەدەری ڕاگرەکان | ٣ | زانیاری بەردەست نییە | |
| | | سەرۆک بەشەکان | ٩ | هەیە:٢ سەرۆک بەش لە کۆی ٦سەرۆک بەش (داتای بەردەست) مەرجەکانیان تێدا نییە, کە دەکاتە ڕێژەی ٣٣٪ | |
| 12 | زانکۆی پۆلیتەکنیک – سلێمانی<br>داتاکان لە ماڵپەڕی زانکۆکە وەرگیراون، داتای گشت خاوەن پۆستەکان بەردەست نییە. | سەرۆکایەتی زانکۆ | ٤ | نیە : دوو پۆست لەلایەن یەك کەسەوە بەڕێوە دەبرێن | لە کۆی گشتی ٣٣ پۆست تەنیا زانیاری لەبارەی (٢١ پۆست بەردەستە) لەم داتایە ١١ پۆست بە دەر لە یاسا پڕکراونەتەوە.<br>برۆ بۆ لاپەرە ٦٧ |
| | | ڕاگری کۆلێژەکان | ٥ | لە کۆی داتای بەردەست (٣ ڕاگر) تەنیا یەك ڕاگر بە دەر لە یاسا دانراوە. | |
| | | یاریدەدەری ڕاگرەکان | ٥ | زانیاری بەردەست نییە | |
| | | سەرۆک بەشەکان | ١٩ | هەیە:١٠ سەرۆک بەش لە کۆی ١٦سەرۆک بەش ( داتای بەردەست ) مەرجەکانیان تێدا نییە, کە دەکاتە ڕێژەی ٦٢٪ | |

| ژمارە | ناوی زانکۆ | جۆری خاوەن پۆستەکان | ژمارە | دامەزراندن بە دەر لە یاسا | |
|---|---|---|---|---|---|
| 13 | زانکۆی پۆلیتەکنیک – دهۆک<br>داتاکان لە ماڵپەڕی زانکۆکە وەرگیراون، داتای گشت خاوەن پۆستەکان بەردەست نییە. | سەرۆکایەتی زانکۆ | ٤ | هەیە: ١ یاریدەدەر بە دەر لە یاسا دانراوە | لە کۆی گشتی ٣١ پۆست، تەنیا زانیاری لەبارەی (٢٥) پۆست بەردەستە)، لەم داتایە ١٤ پۆست بە دەر لە یاسا پڕکراونەتەوە.<br>بڕۆ بۆ لاپەڕە ٦٩ |
| | | ڕاگرەکان | ٦ | هەیە: ١ ڕاگر بە دەر لە یاسا دانراوە | |
| | | یاریدەدەری ڕاگرەکان | ٦ | زانیاری بەردەست نییە | |
| | | سەرۆک بەشەکان | ١٥ | هەیە: ١٢ سەرۆک بەش مەرجەکانیان تێدا نییە, کە دەکاتە ڕێژەی ٪٨٠ کۆی گشتی سەرۆک بەشەکان | |
| 14 | زانکۆی کوردستان_ هەولێر<br>داتاکان لە ماڵپەڕی زانکۆکە وەرگیراون، داتای گشت خاوەن پۆستەکان بەردەست نییە. | سەرۆکایەتی زانکۆ | ٤ | نییە: دوو پۆست پڕنەکراونەتەوە | لە کۆی گشتی ٢١ پۆست تەنیا زانیاری لەبارەی (١٧ پۆست بەردەستە)، لەم داتایە ١ پۆست بە دەر لە یاسا پڕکراوەتەوە.<br>بڕۆ بۆ لاپەڕە ٧٢ |
| | | ڕاگر | ٤ | نییە | |
| | | یاریدەدەری ڕاگر | ٤ | زانیاری بەردەست نییە، یاخود پۆستەکان پڕنەکراونەتەوە | |
| | | سەرۆکی بەشەکان | ٩ | هەیە: ١ سەرۆک بەش مەرجەکانی تێدا نییە, کە دەکاتە ڕێژەی ٪١١ کۆی گشتی سەرۆک بەشەکان | |
| 15 | زانکۆی هەولێری پزیشکی | سەرۆکایەتی زانکۆ | ٤ | نییە | لە کۆی گشتی پۆست تەنیا زانیاری لەبارەی (٩ پۆست بەردەستە) لەم داتایە هیچ پۆستێک بە دەر لە یاسا پڕنەکراوەتەوە. |
| | | ڕاگرەکان | ٥ | نییە: بەڵام هەموو ڕاگرەکان ماوەی یاسایان بەسەرچووە | |
| | | یاریدەدەری ڕاگرەکان | ٥ | زانیاری بەردەست نییە | |
| | | سەرۆکی بەشەکان | | زانیاری بەردەست نییە | |

# ئەنجام :

**أ) ماڵپەڕی زانکۆکان وەك سەرچاوەی داتا و زانیاری**

1. لە هەرێمی کوردستان لە کۆی ١٥ زانکۆی حکومی، ماڵپەڕەکانیان بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە و دەتوانرێت تا ڕادەیەك وەک سەرچاوی دەستکەوتنی زانیاری پشتیان پێ ببەسترێت.
2. داتای ناو ماڵپەڕی زۆربەی زانکۆ حکومییەکان بە شێوەیەکی ئاڵۆز و تێکەڵ خراونەتە ڕوو و بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان پێویستیان بە وردبینی و لێهاتوویی هەیە. بەشێک لە ماڵپەڕەکان چەندان ساڵە ئەپدەیت(نوێ) نەکراونەتەوە و هەندێك جار لەناو هەمان ماڵپەڕ لە بەشی زمانی کوردی جۆرێک زانیاری دراوە لە بەشی زمانی ئینگلیزی جۆرە زانیارییەکی تر خراوەتە ڕوو.
3. لەناو هەموو زانکۆ حکومییەکان، تەنیا زانکۆی سەلاحەددین ڕێبەری دەرچوونی بۆ ساڵی ٢٠١٩_٢٠٢٠ بە شێوەی ئەلیکترۆنی بڵاوکردووەتەوە.
4. ماڵپەڕی زانکۆکانی (کۆیە، سۆران، چەرمۆ، کوردستان-هەولێر، پۆلیتەکنیکی دهۆك) بە بەراورد بە زانکۆکانی تر زۆرترین زانیاریان دەربارەی خاوەن پۆستە کارگێڕییەکانیان داوە.
5. خراپترین ماڵپەری زنکۆکان, کە زانیاریی ئاڵۆز و تێکەڵ و دژبەیەکیان تێدا بووە یاخود زانیاریی کەمیان داوە بریتیین لە ماڵپەڕی زانکۆکانی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، هەولێری پزیشکی، پۆلیتەکنیکی هەولێر, زانکۆی دهۆک و زانکۆی سلێمانی.
6. لە ماڵپەری زانکۆکان کەمترین زانیاری دەربارەی یاریدەدەری ڕاگرەکان خراوەتە ڕوو.

**ب) سەرپێچیی یاسایی لە دامەزراندنی سەرکردە کارگێڕییەکان**

7. لە کۆی گشتیی ١٥ سەرۆکی زانکۆ، گشت سەرۆک زانکۆکان مەرجە یاسایەکانیان تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام یەك سەرۆکی زانکۆ بەوەکالەتە.
8. لە کۆی گشتیی ٤٥ یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆکان بۆ کاروبارە جیاوازەکان؛
   a. ١٠ یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆکان پۆستەکەنیان بەتاڵە یاخود بەوەکالەتن.
   b. ٧ یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بە دەر لە یاسا دانراون.
9. لە کۆی گشتیی ١١٥ ڕاگری کۆلێژەکان: ٢٣ ڕاگر بە دەر لە یاسا دانراون.
10. لە کۆی گشتیی داتای بەردەست ٤٢٩ سەرۆکی بەش: ٢٦١ سەرۆکی بەشەکان بە دەر لە یاسا دانراون.
11. ئەو زانکۆیانەی لە بابەتی دامەزراندنی سەرکردە کارگێڕییەکاندا زۆرترین ڕێژەی سەرپێچی یاسایان تێدایە بریتین لە زانکۆی (سۆران، چەرمۆ، هەڵەبجە، گەرمیان، زاخۆ).

**ج) هۆکارەکانی سەرپێچیی یاسایی**

لە چاوپێکەوتنەکاندا، مامۆستایان و پسپۆڕانی بەشداربوو لەو توێژینەوەیە، هۆکارەکانی سەرپێچیکردنی یاسا لە دامەزراندنی سەرکردە کارگێڕییەکان بۆ چەندان هۆکار دەگەڕێننەوە، لە سەروویانەوە:

- دەستێوەردانی حیزبی و قۆرخکردنی بڕیاری دامەزراندن لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە
- کەمیی مامۆستایانی شایستە, کە مەرجەکانیان تێدا بەدی بکرێ. ئەو پاساوە لە زانکۆیە بچووك و نوێیەکاندا راستە، بەڵام لە زانکۆ گەورەکانی وەك دهۆك و سلێمانی و سەلاحەدین پاساوێکی لە جێی خۆیدا, چونکە لە زۆربەی کۆلێژ و بەشەکانیاندا خاوەنی ستافی ئەکادیمی و دەستەی وانەبێژانی پێشکەوتوون, کە هەڵگری ناسناوی زانستیی پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەرن. واتە مەرجەکانی پۆستی سەرکردە کارگێڕیەکانیان تێدایە.

## بەشی دووەم: سێیەم

# هۆکاری جێبەجێ نەکردنی بەشێك لەمادده و برگەکانی یاساکە .

بە پێی توێژینەوەکان و بەدواداچوونەکانمان بەشی زۆری دانانی سەرکردە کارگێڕییەکان بەدەر لەیاسا بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە, لەوانە:

### یەکەم: دەستتێوەردانی دەرەکی

داتاکان ئەوە دەخەنە ڕوو حیزب ڕۆڵی لە دانانی سەرکردە کارگێڕییەکانی ناو زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، بە بۆچوونی بەشێك لە بەشداربووانی ناو دانیشتن و گفتوگۆکان "بۆ نموونە لە دانانی سەرۆکی بەش بە پێی یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٨ دەبێ سەرۆکی بەش بە لایەنی کەم پرۆفیسۆری یاریدەدەر بێ, کەچی دەبینرێ بەشێکی زۆر لە سەرۆک بەشەکان ناسناوی زانستییان مامۆستا یان مامۆستای یاریدەدەرە و کراونەتە سەرۆکی بەش لە کاتێکدا چەندان پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەن, بەڵام " بە هۆی حیزب و پشک پشکێنە و مەحسوبیەت و مەنسووبیەتەوە دانەنراون و پەراوێز خراون". بەشێکی دیکە لە پێشێلکارییەکان, کە لە ڕووکەشدا (بە پێشێلکاریی یاسایی دانانرێن)، ئەویش ئەوەیە کەسی خاوەن پۆست زۆربەی مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدی دەکرێ, بەڵام لە بنەڕەتدا پێشێلکاری و دەستتێوردانی تەواوە و پێشێلکردنی ماف و ئازادی ئەوانی ترە " لە لایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە بەتایبەت لە دانانی سەرۆکی زانکۆ و یاریدەدەرەکانی و ڕاگری کۆلێژەکان دەبینرێ بەوەی لە بارەگەی حیزبەکانەوە و بە نووسراوی حیزبی ناوی کاندیدەکانیان بەرز دەکەنەوە, واتە لەسەر بنچینەی ئینتیمای حیزبی و کەسی پۆستیان پێ دەدرێت و هیچ بایەخێك بۆ لێهاتوویی و شارەزایی کاندیدەکانی تر دانانرێ لە کاتێکدا وەزارەتی خوێندنی باڵا باس لە پڕکردنەوەی ئەو پۆستانە دەکات لە ڕێگەی چاوپێکەوتن و پێشکەشکردنی سیڤی".

### دووەم: خودی یاساکە

خاوەنی پۆستەکان لە بەشێك لە زانکۆ تازەکان پێیان وایە هەبوونی پێشێلکارییە زۆرەکان بۆ خودی یاساکان دەگەڕێتەوە بەوەی یاساکان کۆنن و لەگەڵ واقیعی ئێستای زانکۆکاندا ناگونجێن و کەموکووری لە مەرجەکانی پڕکردنەوەی پۆستەکان و ستافی ئەکادیمی بەشەکاندا هەیە, بۆیەش یاساکە وەك خۆی جێبەجێ ناکرێ. هەندێکیان "داوای هەمواری یاساکە یاخود دارشتنی یاسایەکی نوێ دەکەن ", لەبەر ئەوەی سیستەمی خوێندنی باڵا لەسەر شێوازی وڵاتە دواکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە کۆمۆنیستییە ڕۆژهەڵاتییەکان بنیات نراوە. پەیکەر و جۆری بەڕێوەبردنی دەزگەکان هەرەمیین و دەسەڵاتی بڕیاردان لە چەقی لوتکەییدا کۆ بووەتەوە و بە پرۆسەیەکی بیرۆکراسیی کوشندەدا بەرەو خوارەوە شۆڕ بووەتەوە بەبێ ئەوەی مامۆستایان و کارمەندان و قوتابییان/ خوێندکاران ڕۆڵیان لە داڕشتنی ستراتیژ و پلاندانان و پرۆسەی بڕیارداندا هەبێت و هەروەها بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە فشار و چاودێرییەکی دیموکراسییانە لە خوارەوە بەرەو سەرەوە لە ئارادا بێ, بۆیە لێرە و لەوێ دەبینین ئاستی جێبەجێنەکردنی یاساکان لەناو ناوەندە مەعریفییەکاندا لە لووتکەدایە.

### سێیەم: کردنەوەی زانکۆ و کۆلێژ و بەش بەبێ بوونی توێژینەوە و پێویستیی ناوچەکە و هەبوونی ستافی ئەکادیمی تەواوە

لەناو بەشێك لە زانکۆ تازەکان بەهۆی نەبوونی ستافی ئەکادیمی (دەستەی وانە بێژان), کە بە پێی یاسای ژمارەی ١٠ی ساڵی ٢٠٠٨ دەبێ لە کاتی کردنەوەی بەشی نوێ دەستەی وانەبێژان لە نێوان ( ٨ بۆ ١٤ کەس) بێ, لە کاتی کردنەوەی بەشی نوێ بە جۆرێك بە لایەنی کەم ٥ مامۆستایان پسپۆڕ بن و دووانیان هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بن, کەچی دەبینین هەندێك لە بەشەکان ستافی ئەکادیمی پێویستیان نییە و کراوێشنەتەوە. ئەمەش کێشەی بۆ دوو برگەی یاساکە دروست کردووە لە دانانی سەرۆکی بەش و کردنەوەی بەش بەبێ هەبوونی ستافی ئەکادیمی و پسپۆڕیی پێویست.

### چوارەم: نەبوونی هاوسەنگی لە ئیمتیازات و ئەرک و مافەکان لەنێوان خاوەن پۆستە کارگێڕییەکان

بەشێك لە شارەزایانی خوێندنی باڵا هۆکارەکەی بۆ (ئیمتیاز و ئیلتیزام) دەگەڕێتەوە بەوەی بەشێك لە پۆستەکان هیچ ئیمتیازاتێکی نییە, بۆیە خاوەن ناسناوە زانستییەکانی وەك (پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەر) ئامادە نین ئەم پۆستانە وەربگرن و هیچ یاسایەک نییە ناچاریان بکات بۆ وەرگرتنی پۆستەکان, لەبەر ئەوە پۆستەکان بە کەسانی دیکە پڕ دەکرێنەوە, کە مەرجی یاساییان تێدا بەدی ناکرێ.

## پێنجەم: ناشارەزایی و بێ هەڵویستی

1. بەشێك لە سەرکردە کارگێڕییەکانی ناو زانکۆکان کەمتر شارەزای یاساکانی خوێندنی باڵان بە تایبەت لە دانانی پۆستەکانی خوارەوەی خۆیان, بۆیە لە دانان و پڕکردنەوەی پۆستەکان تووشی هەڵە دە بن.
2. بە هۆی بێدەنگیی هەندێک مامۆستای لێهاتوو و خاوەن بڕوانامەی بەرزی شیاو بەوەی شەڕی بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان ناکەن و دژی پێشێلکارییەکان هەنگاوی جددی و ڕێکاری یاسایی ناگرنە بەر.

## شەشەم: ڕۆڵی ناکارای وەزارەتی خوێندنی باڵا

نەبوونی ڕۆڵی وەزارەت و چاودێریی وەزارەت لەسەر خودی دانانی سەرکردە کارگێڕییەکانی ناو دەزگەکانی خوێندنی باڵا بە تایبەت لە پۆستەکانی خوار سەرۆکی زانکۆوە, هەندێك جاریش بە هۆی ڕێنماییە دژبەیەکەکان ڕۆڵی ون دەبێ.

## چارەسەرو ڕاسپاردەکان

1. هەموارکردنەوە یاسای ژمارەی (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٨ (یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستانی عیراق).
   - جێبەجێکردنی دیموکراسیی لۆکاڵی لەناو ناوەندەکانی خوێندنی باڵا و سەربەخۆکردنی زانکۆکان (هەڵبژاردنی خاوەن پۆستە کارگێڕییەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە لەگەڵ هەبوونی مەرجە یاساییەکان بۆ هەر پۆستێك، پرۆسەی چاودێری و هەڵسەنگاندنی بەردەوام لە خوارەوە بۆ سەرەوە) لەگەڵ هەبوونی چاودێری و هەڵسەنگاندنی خودی وەزارەت لەسەر گشت زانکۆکان.
   - دووبارە پێناسەکردنەوەی بەرپرسیاریەتییەکان و دانانی مەرجی نوێ و ماوەی بەرپرسیارییەتی و ئەرک و مافەکان.
   - هەڵبژاردنی کەسانی تەکنۆکرات و خاوەن شارەزایی بۆ پۆستە کارگێڕییەکان و جێبەجێکردنی پلەبەندی لە وەرگرتنی پۆستەکان واتە (کەسێک نەبێت بە ڕاگر ئەگەر پێشتر سەرۆک بەش نەبووبێ, یاخود سەرۆکی زانکۆ ئەگەر پێشتر ڕاگر نەبووبێ و ...هتد).
   - هاوسەنگی و دادپەروەری لە ئیمتیازاتی خاوەن پۆستەکان باڵاکان و خاوەن پۆستەکانی تر, بەمەش پێشبڕکێی نازانستی بۆ وەرگرتنی ئەم پۆستانە لە لایەن کەسانی ناشایستەوە دروست نابێ, بەڵکوو پۆستەکان زیاتر بۆ خزمەتکردنی پرۆسەی خوێندن و گەشەپێدانی لایەنی زانستی و بەرزکردنەوەی کواڵیتی دەبێ, نەك وەك ئیمتیاز سەیر بکرێ. واتە پێویست ناکا سەرۆکی زانکۆ و ڕاگرەکان پلەی تایبەتیان پێ بدرێ، بەڵکوو پۆستەکان تەکلیفی بن و بۆ ماوەی چوار ساڵ و دواتر خاوەن پۆستەکە بگەڕێتەوە سەر کار و پیشەی جارانی.

2. سنووردارکردنی ڕۆڵی حزب و کەمکردنەوەی دەستتێوەردانە دەرەکییەکان و هاندانی زیاتری زانکۆکان بۆ جێبەجێکردنی یاساکان لە ڕێگەی دڵنیایی جۆری و ڕیزبەندی نشتیمانیی زانکۆکان (لەم ڕاپۆرتەدا پێشنیاز کراوە چۆن لە ڕێگەی ڕیزبەندی نیشتمانی زانکۆکانەوە دەتوانین ئەمە بکەین).
3. بەستنەوەی زیاتری زانکۆکان  بە وەزارەت و وەزارەت زیاتر چاودێریی زانکۆکان بکات, تاوەکوو بەدواداچوون هەبێ و ڕێژەی سەرپێچیی یاساکان کەم بکرێتەوە و لە حاڵەتی هەبوونی سەرپێچی ئەوە دەستنیشان بکرێ بەرپرسی یەکەم لە سەرپێچییەکان کێیە، بۆیە لە کاتی دانانی هەرپۆستێکی کارگێڕیدا پێویستە وەزارەت ڕەزامەندی لەسەر بدات.
4. دروستکردنی داتا بەیسێکی تایبەت لە لایەن وەزارەتەوە بۆ ئەوەی زانیاریی هەموو ئەو کەسانەی تێدا تۆمار کرابێ کە لە پۆستە کارگێڕییەکانن، بە هۆی ئەم داتا بەیسەوە بۆمان دەردەکەوێ ئایا ئەو کەسانە مەرجە یاساییەکانیان تێدایە یان نا؟ ڕێکەوتی دەست بەکاربوونیان لە پۆستەکان و کۆتایی هاتنی ماوەی مانەوەیان لە پۆستەکان دیار بێ...هتد, ئەمە وا دەکا زۆر بەئاسانی بەدواداچوون بۆ پۆستە کارگێڕییەکان بکرێ و ڕێژەی سەرپێچیی یاساکان کەم بکرێتەوە (هەر چەندە لە ڕیزبەندی نیشتمانی _نور_ زۆر داتای خاوەن پۆستە کارگێڕییەکان هەیە, بەڵام دەکرێ ئەو داتایانە بکرێنە داتا بەیسێکی تایبەت و بەرەوپێش ببردرێ).
5. هەبوونی دەزگایەکی بەهێزی چاودێری لە لایەن خودی حکومەت و لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ڕاگەیاندنەکان  بە مەبەستی بەدوادەچوونی کەیسەکان و زیاتر بەهێزکردنی سەروەریی یاسا.

# بەشی سێیەم

# پرۆسەی دڵنیاییی جۆری

### پێناسەی دڵنیاییی جۆری لە خوێندنی باڵا

پەرەپێدانی پرۆسەی دڵنیاییی جۆری لە ناو زانکۆ و دەستە و ئەنجومەن و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان یەکێکە لە ستراتیژییە گرنگەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئەم پرۆسەیە بە دیاردەیەکی نوێ لەناو ئەزموونی ئەمڕۆی خوێندنی باڵا لە هەرێم و سەرتاپای عێراق دادەنرێ و جێبەجێکردنیشی نرخ بەو ئاستە بەرزە دەدات و هاوولاتیی ناو کۆمەڵگە لە ئاستی خوێندن و فێربوون و بەهای بڕوانامەکانی زانکۆ و دەستە و ئەنجومەن و پەیمانگەکان دڵنیا دەکاتەوە.

پرۆسەی دڵنیاییی جۆری بریتییە لە چەند چالاکییەکی بەردەوام لە (ڕاپۆرت نووسین، پێداچوونەوە و بەدواداچوون و چاودێریکردن و فایل هەڵگرتن و بڕیاردان و لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکی وانەکان و جۆری گوتنەوەیان) بۆ ئەوەی پرۆسەی خوێندن لەگەڵ ئامانجەکانی بگونجێ. بە گشتی کارکردن لەسەر دڵنیاییی جۆری خاڵە لاواز و بەهێزەکانی ناو دەزگاکانی خوێندن نیشان دەدات، کە دواتر دەتوانرێت لەسەر ئەو بنەمایە ئاستی دابڕێژرێ.

### پێناسەی بەڕێوەبەرایەتی دڵنیاییی جۆری و متمانە بەخشین

بەڕێوەبەرایەتی دڵنیاییی جۆری و متمانە بەخشین سەرپەرشتی جێبەجێکردنی پرۆسەی دڵنیاییی جۆری لە زانکۆ و دەستە و ئەنجومەن و پەیمانگە حکومی و تایبەتییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات. ئەو پرۆسەیەش لەبەر ڕۆشنایی چوار پرۆگرامی سەرەکی بەڕێوە دەچێ، کە بریتین لە: دڵنیاییی جۆری، زانستخوازیی بەردەوام، پەرەپێدانی پرۆگرامەکان و متمانە بەخشین، بۆیە لە ڕێگەی ئەم پرۆگرامانەوە پرۆسەی دڵنیاییی جۆری هەوڵ دەدات ئاستی ئەکادیمی و زانستیی مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگە بەرەو پێش ببا، لە هەمان کاتدا پرۆسەی خوێندن لە دامەزراوە جیاجیاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان پێش بخا.

### بنەما و پێکهاتەکانی دڵنیای جۆری

لەناو سیستەمی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان ئەم پرۆسەیە چەند بەرنامەیەک لە خۆ دەگرێت لەوانە:

1. دڵنیاییی جۆری خوێندن
2. زانستخوازیی بەردەوام
3. هەگبەی مامۆستا
4. هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا
5. فیدباکی قوتابی/خوێندکار
6. پەرەپێدانی پرۆگرامەکان
7. مۆڵەتپێدان و متمانەبەخشین

ئەم بەرنامانە بە چەند ڕێنماییەک داڕێژراون، کە لەگەڵ ئەزموونی خوێندنی باڵا لە کوردستاندا بگونجێن و هاوکات هاوتای ستاندەری بەرنامەکانی زانکۆ جیهان بن. ئەم پرۆسەیە هەمیشە لە ژێر چاودێریی کەسانی پسپۆڕدا جێبەجێ دەکرێ و ساڵانەش پێداچوونەوەی پێ دەکرێ و بابەتەکانی ناو ئەم بەرنامانە هەمیشە بە پێی پێویست و بە مەبەستی پێشخستن گۆڕانکاری تێدا دەکرێ.

**جێبەجێکردن و ئەنجامدانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری خوێندن و ڕاهێنان وەڵامی گشت پرسیارە گرەنگەکان دەداتەوە، لەوانە:**

1. دڵنیاکردنی زانکۆکان لە ئاستی کواڵیتیی ئەو بروانامەیەی بە قوتابی/ خوێندکاری دەدەن.
2. دڵنیاکردنەوە لە جۆری خوێندن و گوتنەوەی وانەکان.
3. پشتگیریکردنی قوتابی/ خوێندکار لە کاتی وەرگرتنی کۆرسەکانیان و پاراستنی مافیان.
4. دڵنیاکردنەوەی خوێندکار لەو بروانامەیەی کە پێی دەبەخشرێت.
5. دڵنیاکردنەوەی بازاڕی کار لە ئاستی هونەر و زانستی کادیرانی پیشەیی.

## گرفتەکانی بەردەم دڵنیایی جۆری:

مەبەست لە دڵنیایی جۆری بریتییە لەم پێنج خاڵەی لە سەرەوە باس کران, کە قوتابی/ خوێندکار وەك چەقێکی گرنگ دەبینێ و ئامانج لێ دروستکردنی ڕابەر و سەرکردەیەکی گرنگە بۆ خاک و نیشتمان.

1. فیدباکی خوێندکاران:

زۆرێك لە مامۆستایان نارازین لەو فیدباکانەی لە لایەن قوتابییان/ خوێندکارانەوە دەدرێ پێیان وایە لەسەر بنەمایەکی زانستیی دروست نییە و زۆرجار لە لایەن قوتابییان/ خوێندکارانەوە وەك تۆڵەکردنەوە بەکاردێ لەو مامۆستایانەی (زۆر جدین و پابەندن بە کات و ساتی وانە گوتنەوە و تاقیکردنەوەکان) و وەك پاداشتێک بەکاردێ بۆ ئەو مامۆستایانەی زیاتر هاوکاری قوتابییان/ خوێندکاران دەکەن بە شێوەیەکی نازانستی و کەمتر جدین, کە ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر پرۆسەی خوێندن و شێوازەکانی وانە گوتنەوە و دەروونی مامۆستایان هەیە, یاخود زۆر جار لە ڕێگەی ڕێکخراوە قوتابی/ خوێندکارییەکانەوە وەك هەڕەشە دژی مامۆستا جدییەکان بەکاردێ.

**چارەسەر:**

- ڕێکخستنەوەی شێوازی وەرگرتنی فیدباکی قوتابییان/ خوێندکاران لە ڕووی کات و داڕشتنەوەی پرسیارەکان.
- ئاگادارکردنەوە و فێرکردنی قوتابییان/ خوێندکاران لە چۆنیەتیی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی دروست بۆ کارەکانی مامۆستاکە, نەک خودی کەسایەتیی مامۆستا.

2. پەیکەر و پێکهاتەی دەزگەی دڵنیایی جۆری:

لە هەر ناوەندێکی خوێندنی باڵا بەم جۆرە بەشی دڵنیایی جۆری دەکرێتەوە: (وەزیر کەسێك بۆ بەپرسی دڵنیایی جۆری وەزارەتەکەی و سەرۆکی زانکۆ بۆ زانکۆکەی و ڕاگر بۆ کۆلێژەکەی و سەرۆکی بەش بۆ بەشەکەی دیاری دەکات). ئەمەش لە ڕووی کارگێڕییەوە کێشەیەکی زۆری دروست کردووە بەوەی ئەم کەسانە ناتوانن وەک پێویست چاودێریی پۆستە باڵاکانی ناوەندەکانیان بکەن.

**چارەسەر:**

- دروستکردنی دەزگای دڵنیایی جۆری, کە لە کەسانی سەربەخۆ و پسپۆڕ لە دەرەوەی پێکهاتەی زانکۆ دروست کرابێ. واتە لە ڕووی کارگێڕی و داراییەوە سەربەخۆی تەواوی هەبێ بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانێ چاودێر بێ و لێپرسینەوە و هەڵسانگاندنی دروست بکات بێ ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەریی دەرەکی.

# ڕیزبەندیی نیشتمانی بۆ زانکۆکانی کوردستان

ڕیزبەندی نیشتمانی زانکۆکان چییە؟

پرۆژەی ڕیزبەندیی نیشتمانی زانکۆکانی هەرێم لە ساڵی 2015 دەستی پێکرد. ئەرکی سەرەکیی ئەم ڕیزبەندییە بریتییە لە ئامادەکردنی لیستی باشترین زانکۆکانی هەرێمی کوردستان. داتاکان لە لایەن حکومەت و زانکۆکانەوە متمانە پێ کراون و سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ خەڵک و ئەکادیمی و قوتابییان/ خوێندکاران بۆ هەڵبژاردنی ئەو زانکۆیەی لێی دەخوێنن.

ڕیزبەندیی نیشتمانیی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان-عێراق ئامرازێکە بۆ بەراوردکردن لە نێوان زانکۆکانی هەرێمدا, هەروەها بۆ پێوانەکردنی بەیەکگەیشتنی دیدی زانکۆکانی هەرێم لەگەڵ دیدی وەزارەت, دەتوانێ زۆرترین کاریگەری بەسەر لایەنی زانستیی زانکۆکانی هەرێم هەبێ.

ئەم سێ خاڵە سەرەکییەی خوارەوە لە لایەن ڕیزبەندیی نیشتمانییەوە هەڵدەسەنگێندرێن:

هەڵسەنگاندنی زانکۆ، هەڵسەنگاندنی ئەکادیمی، هەڵسەنگاندنی ئاستە جیاوازەکانی توێژینەوە

ئەوانەی سەرەوە هەڵسەنگاندنی ئەم لایەنانە لە خۆدەگرێ: وانەگوتنەوە، تێڕوانینی نێودەوڵەتی، ناوبانگ، ڕێژەی سەوزایی لە زانکۆ، پانتاییی بەشی ناوخۆیی....هتد.

ئامانجی ڕیزبەندیی نیشتمانی دیاریکردنی ئەو زانکۆیەیە لە هەڵسەنگاندنەکە دەردەچێ، واتە ئەو زانکۆیەی توانیویەتی لایەنی بنەڕەتی مەرجەکانی هەڵسەنگاندنکە بە دەست بێنێ بە پێی ئەو دیدگایەی وەزارەت دایناوە. (بە پێی ماڵپەری وەزارەت).

پێوەرکان:

1. ستافی ئەکادیمی (دەستەی وانەبێژان ): (١٠٪)
2. توێژینەوەی زانستی: (٣٧٪)
3. چالاکییە نێودەوڵەتییەکان و نیشتیمانییەکان: (١٤٪)
4. دڵشادبوون/ ڕازیبوونی خوێندکاران: (٣٪)
5. دڵنیایی جۆری: (٢٧٪)
6. چالاکییە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان: (٦٪)
7. پەرتووکخانە: (٣٪)

## گرفتەکانی بەردەم ڕیزبەندی نیشتمانی:

ڕیزبەندی نیشتمانی وەك پرۆسەیەکی باش و دەستکەوتێکی گرنگ بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا هەژمار دەکرێ, بەڵام ئەم پرۆسەیەش وەك هەر پرۆسەیەکی تر لە دەستێوردانی دەرەکی و میزاجی کەسی و گرفتی بەردەوامی وەك پۆلێنکردنی زانکۆکان لە ناو گروپەکان و بابەتی کەمپەس و دڵنیایی جۆری و بابەتی خوماڵینەبوونی پێوەرەکان بە دەر نییە.

ڕیزبەندیی نیشتمانی تا ئێستا نەبووەتە ئامرازێکی فشار و گۆڕانکاری لەنێوان زانکۆکاندا، ڕیزبەندی نیشتمانی دەبێ پاداشت و سزا تێدا بێ و هاوسەنگ بێ و دەبێ وەزارەت لە ئاستی زانکۆکاندا لێکۆڵینەوە بکات و کەناڵەکانی فشار لە بەرانبەر نزمبوونەوە یان نزمی ئاستی زانکۆکان بەکاربهێنێ، بە تایبەت زانکۆ حکومییەکان, کە لەناو پێکهاتەی وەزارەتن و بەردەوام تەمویلی مسۆگەریان هەبووە و ئەوانەش پاداشت بکات, کە ئاستی کوالیتیی خۆیا بەرزکردووەتەوە و ڕای گشتی لێ ئاگادار بکرێتەوە.

## گرفتی پێوەرەکان:

1. خۆماڵی نەبوونی پێوەرکان واتە (لە ژێر ناوی ڕیزبەندنی نیشتیمانییە , کەچی بە پێوەری نێودەڵەتیی هەڵسەنگاندن بۆ زانکۆکان دەکرێ).
2. ستافی ئەکادیمی: (لێرەدا زانکۆ گەورە و کۆنەکانی وەك زانکۆی سەلاحەدین, سلێمانی و دهۆك بەرزترین ڕێژەی ستاف و قوتابی/خوێندکار هەیە بە بەراورد بە زانکۆ تازەکانی وەك سۆران, هەڵەبجە, گەرمیان و چەرموو وکۆیە... هتد, لە کاتێکدا خودی وەزارت ڕۆڵی لە دانان و دامەزراندنی ستافی ئەکادیمی و ناردنی قوتابییان/ خوێندکاران هەیە بۆ هەر زانکۆیەک, بۆیە ئەمە بە جۆرێک لە جۆرەکان لەنێوان زانکۆکان نادادی دروست کردووە.
3. توێژینەوەی زانستی: لێرەدا زیاتر کار لەسەر ڕێژە و چەندایەتیی توێژینەوە کراوە, لە کاتێکدا پێویست بوو کوالیتی و باشیی توێژینەوە بەهەند وەربگیرایە, چونکە ئامانج لە توێژینەوە داهێنان یاخود چارەسەرکردنی کێشەیەکی ناو حکومڕانی یان ناو کۆمەڵگەیە, بەڵام لێرەدا زانکۆکان کەوتوونەتە کێبڕکێ لەنێوان خۆیاندا کێ زۆرترین توێژینەوە بڵاو دەکاتەوە و خۆی لە ڕیزبەندیی دەباتە پێشەوە بۆ ئەم مەبەستەش توێژەریان تەنیا بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە و کۆکردنەوەی خاڵی زیاتر هێناوە!
4. زمانی توێژینەوەکان: لێرەدا ئەوەی لە توێژینەوەکاندا زۆر تیشکی خراوەتە سەر ئەو توێژینەوانەن بە ئینگلیزی کراون, بەڵام باسی ئەو توێژینەوانە نەکراوە بە کوردی کراون و گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە.
وەک لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارەی (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨: کە باس لە هەوڵی وەزارەت بۆ بەدەستهێنانی چەند ئامانجێک دەکا, یەکێك لە ئامانجەکان ئەوەیە (ئامانجی دوازدەیەم: کارکردن لە پێناوی کردنی زمانی کوردی بە زمانی فێرکردن و خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندنی باڵا لە زانستە مرۆییەکاندا و هاندانی وەرگێڕان و دانان و چاپەمەنییە زانستی و ڕۆشنبیری و ئەکادیمییەکان بە زمانی کوردی), هەروەها لە ئامانجی نۆیەمیشدا باس لە پاراستنی کەلەپووری گەلی کوردستان و بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی دەکات).
5. دژبەیەکی لە نێوان پێوەرەکانی ڕیزبەندیی نیشتمانی وپرۆسەکانی وەزارەت و واقیع، بۆنموونە یەکێک لە پێوەرەکان ئەوەیە کە ژمارەی قوتابی/ خوێندکار لەسەر بنچینەی ژمارەی مامۆستا هەژماردەکرێ, واتە ئەگەر ژمارەی قوتابییان/ خوێندکاران لەگەڵ ژمارەی مامۆستایان بە پێی پێوەرەکان نەبێ بە خاڵێکی نەرێنی لەسەر زانکۆ هەژمار دەکرێ, ئەمە لەکاتێکدا وەزارەت خۆی ژمارەی قوتابییان/ خوێندکاران بۆ هەر زانکۆیەک دیاری دەکا.
6. بابەتی کەمپەس و پۆل و ڕێژەی سەوزایی و شوێنی وەرزشی, کە خاڵی لەسەرە، ئەگەر وەزارەت پاڵپشتی دارایی زانکۆ حکومییەکانی خۆی نەکا, زانکۆکان چۆن بتوانن ئەم کێشانە چارەسەر بکەن.

## ڕاسپاردە و چارەسەرەکان:

1. بەخۆماڵیکردنی پێوەرەکان و نەهێشتنی خاڵە دژبەیەکەکانی ناو پێوەرەکان.
2. ڕیزبەندیی نیشتمانی دەکرێ وەك فشارێك بەکاربێ بۆ کەمکردنەوەی دەستتێوەردانە دەرەکییەکان و جێبەجێکردنی یاساکان و سەروەرکردنی یاساکان و بەهێزکردنی بەشداریی مامۆستایان و قوتابییان/ خوێندکاران لە پرۆسەکانی بڕیاردان و بەرزکردنەوەی کواڵیتی و زیندوو هێشتنەوەی ناوەندەکانی خوێندن وەک ناوەندێکی مەعریفی و ڕۆشنبیری و زانست و داهێنان . ئەم دوو خاڵەش زیاتر وەك پێوەری خۆماڵیی واقیعی دەردەکەون, کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر ئاستی کواڵیتی و چالاکی و بابەتەکانی تر هەیە لەناو ناوەندەکانی خوێندنی باڵا.

- چۆنیەتی کەمکردنەوەی دەستتێوەردانی دەرەکی لەناو یەکە کارگێڕییەکانی زانکۆکان لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیە

دەکرێ جێبەجێکردنی یاسای ژمارەی (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٨ (یاسای خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی), یاخود هەر یاسایەکی تر, کە لە داهاتوودا دەربچێ وەک کەناڵیکی فشار و وەك پێوەرێکی گرنگ سەیر بکرێ و خاڵی لەسەر بێ بۆ هەر زانکۆیەک، واتا کام زانکۆ کەمترین ڕێژەی پێشێلکاریی یاسایی هەبوو زۆرترین خاڵ وەربگرێت. ئەمەش وا دەکات ئاستی کواڵیتیی خوێندن و دەستتێوەردانی دەرەکی و سیاسی کەم ببێتەوە و کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێ. (بێ ئەوەی فشاری لایەنە سیاسییەکان لەسەر وەزارەت دروست بێ, بەڵکوو پرۆسەکە لە لایەن خودی زانکۆکانەوە دەچێتە پێشەوە و هەوڵی گۆڕانکاری و سەروەریکردنی یاساکان دەدەن). ئەم پرۆسەیە بۆ ڕیزبەندیی نیشتیمانی ئاسانە, چونکە یەکێك لە پێوەرەکانی ڕیزبەندی بریتییە لە ستافی ئەکادیمی, کە ئەمەش واتە گشت داتاکان ئامادە دەکرێ و وەزارەت دەتوانێ چاودێر بێ و ئاستی پێشێلکارییەکان بزانێ.

- چۆنیەتی بەهێزکردنی بەشداریی قوتابییان/ خوێندکاران

بۆ بەهێزکردنی بەشداریی قوتابییەکان/ خوێندکاران و زیادکرنی چالاکییەکان لە کەمپەسەکان: یەکێك لە پێوەرەکان بریتییێ لە هەبوونی دەستەی سەربەخۆی قوتابییان/ خوێندکارانی بۆ هەر زانکۆیەک، کە خاڵی لەسەر بێ بۆ نموونە ئەوە زانکۆیەی نوێنەرایەتی تایبەت و سەربەخۆی هەبێت خاڵی زیاتر وەربگرێ؛ ئەمەش بە مەبەستی کەمکردنەوەی دەستتێوەردانی دەرەکی (ڕێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکان – حزبیەکان) بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکخراوی چاوی زانکۆ (پێشنیازە یاسایەکی بۆ ڕێکخستنەوەی چۆنییەتی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی قوتابییان/ خوێندکاران) بڕوانە لاپەڕە ٣٠.

3. لە توێژینەوەی زانستی پێویستە کواڵێتی و باشی توێژینەوە بەهەند وەربگیرێ، پێویستە بزانرێ زانکۆکان لە ڕێگەی توێژینەوەکان تا چەند بەشدارییان لە باشترکردنی حکومرانی هەرێم و چارەسەکردنی گرفتەکانی کۆمەڵگە و وڵات کردووە و تا چەند داهێنانی زانستیان لە بوارەکانی پزیشکی و ئەندازیاری و پیشەسازی و کشتوکاڵی و...هتد کردووە.

# پرۆسەی بۆلۆنیا (بۆلۆنیا پرۆسێس):

**(بۆلۆنیا پرۆسێس)**: پرۆسەیەکی گرنگی یەکخستنی سیستمە جۆراوجۆرەکانی خوێندنی باڵای ئەوروپایە بە ئامانجی دروستکردن و بەرفراوانکردنی ناوچەیەکی تایبەتی ئەوروپی لە بواری خوێندنی باڵا و سەرخستنی سیستەمی خوێندنی باڵای ئەوروپایە لەسەر ئاستی جیهان بۆ ئەوەی کێبڕکێی نێودەوڵەتیی خۆی زیاتر بکا.

بۆلۆنیا پرۆسێس لە ئەنجامی کۆبوونەوەی وەزیرانی ٢٩ وڵاتی ئەوروپی لە شاری بۆلۆنیای ئیتاڵیا و واژووکردنی ڕێکەوتنامەیەکی گرنگ لە ساڵی ١٩٩٩ هاتووەتە کایەوە, کە لە نێوانی ساڵانی ١٩٩٩ تاوەکوو ٢٠٢٠ بەردەوام بووە لە ڕێکخستنەوە و چاودێریکردنی پرۆسەکە. ئێستا ئەم سیستەمە لە ٤٨ وڵاتی ئەوروپی کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**ڕەهەندەکانی پۆلەسی گشتیی پرۆسەکە:** خۆی لە چەند ڕەهەندێکی گرنگ دەبینێتەوە, وەك:

**ڕەهەندی ئەوروپایی لە بواری خوێندنی باڵا**: پرۆسەی بۆڵۆنا هەوڵ بۆ زیادکردنی شەفافیەت و سەرنجڕاکێشانی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپا لە ئاستی جیهانیدا بۆ ڕاکێشانی بەهرەمەندترین قوتابییان/ خوێندکاران بۆ ناووەی ئەوروپا.

**جووڵە ( مۆبلتی ):** هاوکات پرۆسەی بۆڵۆنیا ئامانجی زیادکردن و بەرزکردنەوەی جووڵەی قوتابییان/خوێندکاران، ئەکادیمییەکان و ستافی کارگێڕییە لە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپا, بۆ نموونە وەک جووڵەی قوتابی/ خوێندکار لە زانکۆیەکەوە بۆ زانکۆیەکی تر و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تری بەشدار لە پرۆسەکە بۆ ماوەیەکی کورت (سمستەرێك), یاخود تەواوی قۆناغێک.

**ڕەهەندی کۆمەڵایەتی**: ئەندامانی پرۆسەی بۆڵۆنیا ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی هەمەجۆری لەناو کۆی دانیشتووانی قوتابییان/ خوێندکاران ڕەنگ بداتەوە, واتە دەبێ هەموو بەربەستە ئابووری و ئایینی و تەمەن و ڕەگەزی و نەتەوەیی یان هەر فاکتەرێکی تر لابرێ, کە ڕێگری دەکەن لەوەی قوتابییان/ خوێندکاران خوێندنی باڵایان تەواو بکەن یان ڕێگر بن لە بەردەم بەشداریان.

**توانای دامەزراندن:** ئامانجی پرۆسەی بۆڵۆنیا بریتییە لە دابینکردنی کارامەیی و زانیاری و لێهاتوویی پێویست بۆ قوتابی/ خوێندکار بۆ بازاڕی کار, بە وەڵامدانەوەی زیاتر بۆ پێداویستییەکانی بازاڕی کار. خوێندن دەتوانێ یارمەتیدەر بێ لە ڕزگاربوون لە بێکاری و بەشداریی لە گەشەی ئابووریدا بکا.

**فێربوونی درێژخایەن:** فێربوونی درێژخایەن یارمەتیدەر دەبێ بۆ گەیشتن بەو گۆڕنکاریانەی لە پێویستییەکانی بازاڕی کار ڕوو دەدا لە ڕێگەی ڕێڕەوەکانی فێربوونی نەرم (خۆگونجێن) و گۆڕانکاریی گونجاو لەنێوان پەروەردە و کارکردندا. فێربوونی هەتاهەتایە دەتوانێ دڵنیایی بدا لە ڕەخساندنی دەرفەتی بەردەوام بۆ گەشەپێدانی زانست و زانیاری و کارامەیی و لێهاتوویيەکان. لە هەمان کاتدا، لەوانەیە دەستگەیشتنی نەرمتر و ئاسانتر بۆ خوێندنی باڵا دابین بکا بۆ گرووپە کەم دەرهێنراوەکان (کەمینەکان ئەندەررپرزێنتت.

**مەرجەکانی ئەندامبوون :**

لە کۆنفرانسی وزاریی بێرگن، پێوەرەکانی ئەندامێتی لە بەیاننامەی بەرلین ( berlin Communiqué ) بەو شێوەیە دارێژراوە:

وڵاتە بەشدارەکان لە ڕێکەوتنامەی ڕۆشنبیریی ئەوروپی شایستەی ئەندامیەتی لە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپا دەبن بە مەرجێک لە هەمان کاتدا ئامادەیی خۆیان بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پرۆسەی بۆلۆنا لە سیستەمەکانی خوێندنی باڵادا ڕابگەیەنن.

بنەماکان:

ئەم بنەمایانەی خوارەوە، لە بەیاننامەی بۆلۆنیا و پراگ و بەرلین ڕاگەیاندراون:

**1. جوڵەی نێودەوڵەتی خوێندکاران و ستاف.**

"هاندانی لابردنی هەموو ئاستەنگەکانی بەردەم جووڵەی ئازادانەی قوتابییان/ خوێندکاران و مامۆستایان و توێژەران و دەستەی کارگێڕی و لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی" ( بەیاننامەی بۆلۆنیا)

**2. زانکۆ سەربەخۆکان (سەربەخۆیی زانکۆکان)**

ئەمە یەکێکە لە بنەما هەرە گرنگەکان، بەو پێیەی سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمیی زانکۆکان دڵنیایی دەدا, کە سیستەمی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی بەردەوام بگونجێ لەگەڵ گۆڕینی پێداویستییەکان لە داخوازییەکانی کۆمەڵگە و پێشکەوتنەکانی مەعریفەی زانستیدا " (بەیاننامەی بۆلۆنا)

"وەزیرەکان ڕەزامەند دەبن لەسەر ئەوەی پێویستە دامەزراوەکان بەهێز بکرێن بۆ وەرگرتنی بڕیارەکان لەسەر ڕێکخستنی ناوخۆیی و کارگێڕیی خۆیان " (بەیاننامەی بەرلین)

**3. بەشداریی قوتابییان/ خوێندکاران لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کەرتی خوێندنی باڵا.**

" پێویستە قوتابییان/ خوێندکاران بەشداری بکەن و کاریگەرییان هەبێ لەسەر ڕێکخستن و ناوەڕۆکی پەروەردە لە زانکۆکان و دامەزراوەکانی تری خوێندنی باڵا" (بەیاننامەی پراگ)

"خوێندکارەکان هاوبەشێکی تەواون لە بەڕێوەبردنی خوێندنی باڵادا. وەزیرەکان ئاماژە بە ڕێوشوێنی یاسایی نەتەوەیی دەکەن بۆ زامنکردنی بەشداری خوێندکاران لە سەرانسەری ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپادا. هەروەها داوا لە دامەزراوەکان و ڕێکخراوەکانی خوێندکاران دەکەن، کە ڕێگاکانی زیادکردنی بەشداری راستەقینەی خوێندکاران لە حوکمڕانی یاخود ڕێکخستنی خوێندنی باڵادا دەستنیشان بکەن" (بەیاننامەی بەرلین)

**4. بەرپرسیاریەتیی گشتیی خوێندنی باڵا.**

پێویستە خوێندنی باڵا لە سوودی گشتی بێ و لە ئاستی بەرپرسیاریەتیی گشتی بمێنێتەوە" (بەیاننامەی پراگ)

**5. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە پرۆسەی بۆلۆنیا**

وەزیرەکان گرنگیی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان لە پرۆسەی بۆلۆنیا دووپات کردووەتەوە، کە پێویستە بۆ زیاد کردنی توانای پێشبڕکێ کە هاوسەنگ بێ لەگەڵ ئامانجی باشکردنی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپا، کە ئامانج لێی پتەوکردنی پێکەوەیی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی نایەکسانییە کۆمەڵایەتی و ڕەگەزییەکانە لە ئاستی نەتەوەیی (ناوخۆیی هەر وڵاتێک ) و لەسەر ئاستی ئەوروپیدا" (بەیاننامەی بەرلین)

- ئامانجەکانی پرۆسەی بۆلۆنیا لە ژێر 10 هێڵی کرداردا کورت کراوەتەوە, کە پێویستە هەموو داواکارەکان و ئەندامان پێکەوە ئەو ئامانجە هاوبەشانە بەدەست بهێنن، کە لە جاڕنامەی بۆلۆنیادا پێناسە کراون و لە جاڕنامەی پراگ و بەرلیندا تەواوکراون یاخود گەشەیان پێ دراوە.

1. گرتنەبەری سیستەمێک بە ئاسانی بخوێندرێ و توانای بەراورد کاریی پلەکانی هەبێ.
2. گرتنە بەری سیستەمێک لەسەر بنەمای دوو بازنەی سەرەکی.
3. دانانی سیستەمی کریدت.
4. بەهێزکردنی جووڵە (مۆبیلتی)
5. بەهێزکردنی هەماهەنگیی ئەوروپی لە دڵنیاییی جۆریدا.
6. بەهێزکردنی ڕەهەندە ئەوروپییە پێویستەکان لە خوێندنی باڵادا.
7. فێربوونی درێژخایەن (بەردەوام)
8. دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و قوتابییان/ خوێندکاران
9. برەودان بە سەرنجراکێشانی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپا .
10. خوێندنی دکتۆرا و ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپا و ناوچەی لێکۆڵینەوەی ئەوروپا - دوو کۆڵەکەی مەعریفەین لەسەر بنەمای کۆمەڵ.

**بۆلۆنیا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا**

ئێستا لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا لە بەشێك لە کۆلێژەکانی زانکۆ حکومییەکانی وەك زانکۆی سەلاحەدین و سۆران و سلێمانی و کۆیە و زاخۆ و چەرموو و راپەرین, هەروەها لە زانکۆ ئەهلییەکانی وەك زانکۆی تیشك و جیهان و گەشەپیدانی مرۆیی و نۆلج و کۆمار و...هتد پرۆسەی بۆلۆنیا پەیرەوە دەکرێ. ئەوەی تێبینی دەکرێ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ئەم پرۆسەیە وەك هەر پرۆسەیەکی تر بە دەر نییە لە کەمو کووری, کە بەشێکی ئەم کەموکوورییانە کێشەی بنچینەیین و لەناو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێن, لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا ئەم پرۆسەیە تایبەتە بە وڵاتە ئەورپییەکان و لە رووی عەقڵیەت و سەرچاوە مرۆییەکان و شێوازی بەڕێوەبردنی زانکۆکان و سەربەخۆیی کارگێڕی و دارایی زانکۆکان و پرۆگرامی خوێندن و تەکنیک و باڵاخانە و هۆڵەکانی خوێندن جیاوازی زۆرە لەگەڵ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان, بۆیە گرفتی زۆر بۆ پرۆسەکە دروست بووە, بە تایبەت لە زانکۆ حکومییەکان.

**ئاڵەنگارییەکانی بەردەم پرۆسەکە لە هەرێمی کوردستان:**

"لەبەر ئەوەی ئەم پرۆسەیە لە ڕێگەی لیژنە و دیراساتی وردەوە نەهاتووەتە ناو زانکۆکانی کوردستان و نەتوانراوە ئاڵەنگارییەکانی بەردەم پرۆسەکە دیاری بکرێ و بە شێوەیەکی یەکانگیر لە گشت زانکۆکان جێبەجێ بکرێ. بە هۆی نەبوونی چوارچێوەیەکی گشتی, لە هەر زانکۆیەک بە شێوازێك پەل و پۆ کراوە و گونجێنراوە" ئەمەش بووەتە هۆی دوورکەوتنەوەی زیاتر و لێکدابڕاندنی زانکۆکان لە یەکتری ئەمەش دژی یەکێك لە ئامانجەکانی پرۆسەکەیە ئەویش لێك نزیکردنەوەی زانکۆکان لە یەکتر بە ڕێگەی مۆبیلتی و توێژینەوەی هاوبەش" ئەمەش قسەی بەشێک بەشداربووان و مامۆستایانی زانکۆ بوو لەناو فۆکس گرووپەکان.

سەربەخۆیی ( ئۆتۆنۆمیی زانکۆکان):

لە بەیاننامەی پراگدا هاتووە سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمیی زانکۆکان دڵنیایی دەدا, کە سیستەمی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی بەردەوام بگونجێ لەگەڵ گۆڕینی پێداویستییەکان لە داخوازییەکانی کۆمەڵگە و پێشکەوتنەکانی مەعریفەی زانستیدا, بەلام زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی کارگێڕی و دارایییان نییە (جگە لە زانکۆی کوردستان_هەولێر و زانکۆی ئەمریکی لە کوردستان – دهۆک), کە زانکۆی حکومین و تایبەتمەندیی خۆیان پاراستووە، بۆیە نەبوونی توانای ماددی و بودجەی پێویست گەورەترین بەربەستە لە بەردەم پرۆسەکە بە تایبەت لە زانکۆ حکومییەکان, چونکە لە رووی کارگێڕی و داراییەوە سەربەخۆ نین و تەمویلیان لای حکومەت و وەزارەتە, بۆیە ناتوانن بەئاسانی گرفتەکانی تری وەك کەمیی باڵاخانە و هۆڵەکانی خوێندن و کەمیی ستاف و زۆریی قوتابییان/ خوێندکاران چارەسەر بکەن.

ڕۆل و بەشداریی قوتابییان/ خوێندکاران لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کەرتی خوێندنی باڵا:

لە بۆلۆنیا قوتابی/ خوێندکار سەنتەرە, بەلام لە یاسای ژمارەی (١٠ ) ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کەمترین باس لە ڕۆل و بەشداریی قوتابییان/خوێندکاران لەناو پێکهاتەکانی زانکۆ کراوە. لەناو زانکۆ حکومییەکانی هەرێم لە نێوان هەردوو زۆن بە شێوازی مەرکەزی نوێنەری قوتابییان/ خوێندکاران دیاری دەکرێ نوێنەرایەتییەکی لاوازی قوتابییان/ خوێندکاران دەکەن و ڕۆڵیان نییە لە سیاسەت و دارشتنەوەی ناوەرۆکی پەروەردە و خوێندنی باڵا. (ڕێکخراوەکەمان پێشنیازی خستووەتە روو بۆ بابەتی بەهێزکردنی بەشداریی قوتابییان/ خوێندکاران و زیادکردنی ڕۆڵیان لە ڕێگەی پێشنیازی یاسایەکی تایبەت, کە بۆ ماوەی سێ ساڵ کاری لەسەر کراوە).

" پێویستە قوتابییان/ خوێندکاران بەشداری بکەن و کاریگەرییان هەبێ لەسەر ڕێکخستن و ناوەڕۆکی پەروەردە لە زانکۆکان و دامەزراوەکانی تری خوێندنی باڵا" (بەیاننامەی پراگ)

"قوتابییان/ خوێندکارەکان هاوبەشێکی تەواون لە بەڕێوەبردنی خوێندنی باڵادا. وەزیرەکان ئاماژە بە ڕێوشوێنی یاسایی نەتەوەیی دەکەن بۆ زامنکردنی بەشداریی قوتابییان/ خوێندکاران لە سەرانسەری ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپادا, هەروەها داوا لە دامەزراوەکان و ڕێکخراوەکانی خوێندکاران دەکەن، کە ڕێگەکانی زیادکردنی بەشداریی ڕاستەقینەی قوتابییان/ خوێندکاران لە حوکمڕانی یاخود ڕێکخستنی خوێندنی باڵادا دەستنیشان بکەن" (بەیاننامەی بەرلین).

نەبوونی هەڵسەنگاندن دەرەکی بۆ بۆڵۆنیای کوردستان:

لە رووی یاساییەوە کوردستان ئەندامی بۆڵۆنیای ئەوروپی نییە، چونکە کوردستان هەرێمە و دەوڵەت نییە و سەروەری نییە بەبێ عێراق ناتوانێ ببێ بە ئەندام. ئایا دەکرێ عێراق ببێ بە ئەندام لە پرۆسەکەدا لە کاتێکدا بەشێك نین لە رێکەوتنامەی رۆشنبیریی ئەوروپی, هەروەها مەرجەکانی بە ئەندامبوونی وەك جووڵەی نێودەوڵەتیی قوتابییان/ خوێندکاران و ستاف و کارگێڕییەکانی زانکۆ بەدی ناکرێ، زانکۆکانی سەربەخۆی کارگێری و دارایان نییە و بەشداریی قوتابییان/ خوێندکاران لە پرۆسەی رێکخستنەوەی خوێندنی باڵادا بەدی ناکرێ, یاخود رۆڵیان یەکجار کەمە. نەبوونە ئەندام لە بۆڵۆنیای ئەوروپی گرفت بۆ پرۆسەکە دروست دەکا بە تایبەت لە کاتی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی ئاستی جێبەجێبەکردنی مەرجەکانی بۆڵۆنیا لە ناوەی زانکۆکان لە لایەن پشکنەرە دەرەکییەکان.

فەراهەمکردنی جووڵەی ستاف:

- بە هۆی ئەوەی شێوازی بەرێوەبردن و دابەشبوونی زانکۆکان لە نێوان دوو ئیدارە کۆنەکەی هەرێمی کوردستان جووڵەی ستاف و مامۆستایانی زانکۆ بەئاسانی فەرهەم ناکرێ!
- بە هۆی نەبوونی چوارچیوەیەکی گشتی و رێنمایی روون, لە هەر زانکۆیەک بە شێوازێك پرۆسەکە جێبەجێ دەکرێ, ئەمەش بووەتە لەمپەر لە بەردەم جووڵەی قوتابییان/ خوێندکاران لە زانکۆیەک و بۆ زانکۆیەکی تر (کە لە سیستەمەکانی پێشووتر ئاسانتر قوتابی/ خوێندکار دەگوازرایەوە)، بۆ نموونە لە بەشە ئەندازیارییەکانی زانکۆکانی سەڵاحەدین و سۆران و کۆیە و پۆلیتەکنیکی هەولێر ئالوگۆرییەکانیان یەکجار سەخت بووە, زۆر جار قوتابی/ خوێندکار لە کاتی گواستنەوەدا وانەی بۆ زیاد دەبێت یاخود دەخرێتە قۆناغێکی تر.

ستاف و شێوازی دامەزراندن و هەڵسەنگاندنی:

- کەمیی ستافی زانکۆ کێشەیەکی ترە, چونکە لە بۆڵۆنیا پرۆسێس دەبێ قوتابی/ خوێندکار دابەشی سەر گروپی بچووک بچووک بکرێ, بەڵام ئەگەر ستافی پێویست لەبەردەست نەبێ وانە بڵێتەوە, چۆن دەتوانرێ پرۆسەکە وەک خۆی جێبەجێ بکرێ، لە کاتێکدا سنورداری ژمارەی خوێندکار لە هەر پۆلێک و هاوسەنگی ژمارەیان لەگەڵ ژمارەی مامۆستایان مەرجێکی سەرەکی سەرکەوتنی پرۆسەکەیە.
- .بە پێی بۆلونیا پرۆسێس نابێ مامۆستا میلاکی هەمیشەیی بێ, بەڵکوو مامۆستا بە پێی گرێبەست دادەمەزرێ و لە کۆتایی ساڵ هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ, تا بڕیار بدرێ ئایا گرێبەستەکەی بۆ نوێ بکرێتەوە یاخود نا. هەڵسەنگاندنەکە پشت بە سێ لایەن دەبەستێ : یەکەم: فیدباکی قوتابی/ خوێندکار(رێژەیەکی کەم %)، دووەم: پرۆفیلی ئەکادیمی، سێیەم: مۆدڵی توێژینەوە و کارگێڕی. لەوانەیە مامۆستا لە هەر کاتێکدا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ, بۆیە مامۆستا هەمیشە لە ئامادەباشیدا دەبێ.

پێداویستییەکانی تری خوێندنی پێشکەوتوو:

نەبوونی پێداویستییەکانی خوێندن وەک هۆڵی گونجاوی خوێندن و تاقیگە و ئامێری پێویست و پرۆگرام و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتی خێرا و نەبوونی سۆفتوێری تایبەت بۆ رێگریکردن لە دووبارەبوونەوە (کۆپی پەیست) راپۆرتی قوتابییان/ خوێندکاران و هی تر. لە لایەکی ترەوە کەمیی شارەزایی مامۆستا و قوتابییان/ خوێندکاران لە رووی تەکنیکی و توانای بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو و نەبوونی ویستی نوێبوونەوە لە نێوان مامۆستایانی سیستەمی کۆن و پرۆسەکە.

کاتەکانی کارکردنی ستاف و دەوامی زانکۆ:

لە زانکۆ حکومییەکان دەوامی کارکردنی مامۆستایان و ستاف و فەرمانبەران دیاریکراوە، زۆر جار زانکۆ وەك هەر فەرمانگە یەکی تری حکومی تاوەکوو کاتژمێر٢ی دوای نیوەڕۆ دەوام دەکەن دواتر دەرگاکانی هۆڵی خوێندن و بەش و پەرتووکخانە و تاقیگەکان و تەنانەت کەمپەسی زانکۆش دادەخرێ, ئەمەش بووەتە گرفت, چونکە زانکۆ دەبێ تا درەنگانێکی ئێوارە کراوە بێ بۆ ئەوەی بەئاسانی قوتابییان/ خوێندکاران و ستاف لەناو زانکۆ بمێنەوە و درێژە بە کار و چالاکییە زانستی و مەعریفییەکانیان بدەن.

**بەڕێوەچوونی پرۆسەکە لە هەرێمی کوردستان :**

لە هەرێمی کوردستاندا مامۆستایان و شارەزایانی بواری خوێندن بوون بە دوو بەشەوە: هەندێکیان داکۆکیکاری سەرسەختی جێبەجێکردنی بۆڵۆنیا پرۆسێسن، هەندێکیشیان دژایەتییان دەربڕیوە, پێیان وایە ئەم پرۆسێسە ئەنجامی زۆر خراپ لەسەر کوالیتیی خوێندن جێ دەهێڵێ, چونکە ناتوانرێ لێرەدا وەك خۆی جێبەجێ بکرێ.

داکۆکیکارانی پرۆسەکە پێیان وایە ئەم پرۆسەیە ئەنجامی باشی دەبێ وەك:

- دروستکردنی کەسایەتیی سەرکردەیە لەناو قوتابییان/ خوێندکاران, بەئاگاهێنانەوەی قوتابی/ خوێندکارە بۆ ئەوەی زیاتر هەوڵ بدات و بەتەنیا ڕۆڵی گوێگر نەبینێ, بەڵکوو دەبێ قسەی هەبێ و ڕای خۆدەربڕێ.
- گەشەپێدان بە بیرۆکەی ڕەخنەی دروستکردنی کەشێک گونجاوە بۆ ئەوەی دیبەتی ئازاد بێتە کایەوە و قوتابی/ خوێندکار بتوانێ ڕەخنە بگرێ و گفتوگۆی بابەتەکان بکا.
- مۆبلیتی و کارئاسانی: کە بریتییە لەوەی مامۆستا دەتوانێ لە زانکۆیەکی تر وانە بڵێتەوە و قوتابی/ خوێندکاریش دەتوانێ بێ بە میواندار لە زانکۆیەکی تر, کە هەمان پرۆسە پەیڕەو دەکا و کۆرسەکەی لەوێ تەواو بکا.
- دادگەری و یەکسانی: لە پۆلۆنیا عەدالەت هەیە, وەرگرتنی نمرە یاخود کردیت بە پێی ئامادەیی و چالاکیی قوتابی/ خوێندکارە.
- مامۆستا لە پۆلۆنیا پرۆسێس ڕۆڵی زۆرە لە هەڵسەنگاندنی قوتابییان/خوێندکاران, بەڵام مامۆستا قوتابییان/خوێندکاران کۆنترۆڵ ناکا, تەنیا هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکا.

بەلام دژەکانی بۆلۆنیا پرۆسیس پێیان وایە ئەم پرۆسیە دەرئەنجامی زۆر خراپی دەبێت  چونکە لەهەرێمی کوردستان بەربەستی زۆر هەن لەبەردەم پرۆسەکە وەك : زۆری ژمارەی خوێندکاران لەناو پۆل، نەبوونی کەمپەس و هۆلی گونجاوی وانە وتنەوە وشوێنەکانی ڕاهێنان،کەمی ستافی ئەکادیمی و کەمی پەرتوکخانەکان ، جیاوازی مەنتاڵیتی و شیوازی پەروەردەیی خوێندکاران و مامۆستایان . نەبوونی بودجەی پێویست . نەبوونی چاودێر و لێپێچینەوە لەسەر مامۆستا لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان و پیدانی نمرەکان و دەرچوواندنی خوێندکاران ( بەهۆی نەبوونی لیژنەی تاقیکردنەوەکان ) . "ئەمە جگە لەوەی کە نەتوانراوە پرۆسەکە وەك خۆی جێبەجی بکرێت لەگەڵ ئەوەشدا پێویست بوو بەرگێکی خۆماڵی بەبەردا بکرێت و وەك پرۆسەیەکی چاکسازی هاوشێوەی بۆلۆنیا پرۆسێس لە سیستەمی خوێندنی باڵادا جێبەجبەجێ بکرێت و ئاستی زانکۆکانی پێ بەرز بکرێتەوە".

" بۆلۆنیا پرۆسێس بۆ بەشە زانستی و کرداریەکان لە سیاقی خۆی وبە هەبوونی پێداویستیەکانی جێبەجێکردنی شتێکی چاکە ،بەلام بۆ بەشی زانستیە مرۆڤایەتیەکان شتێکی باش نیە چونکە بەشێکی وەکو مێژو یان یاسا هەر هەمان سەرچاوە بەکاردێنێ کە بەر لەچەندان ساڵ و دەیە بەکارهێندراون و مامۆستا ناتوانێ چالاکی نوێ دابهێنێت، ئەو پەڕی سیمینارێك و ڕاپۆرتێک کە ئەویش مامۆستا چونکە خوێندکاری زۆرە مەجالی خوێندنەوەی نیە ،خوێندکاریش بۆیە کۆپی پەیستی  ڕاپۆرتەکانی دەکات و بەدوای زانیاری ناگەڕێت یان ڕاپۆرتێك بە پارە دەکرێت ، هەروەها  لەبەر ئەوەی ماددەی خوێندنی بابەتەکە کورتکراوەتەوە بۆ سێ مانگ و لەو ماوە کورتە مامۆستا ناتوانی بابەتەکەی خۆی تەواو بکا چ بگا بە چالاکی تر و کویز" .

ئەمان پێنان وایە بۆلۆنیا  دەرئەنجامی خراپی هەیە :

1. نزم کردنەوە و دابەزاندنی زیاتر کوالێتی خوێندن و ئاستی خوێندکارە ، ئەمان پێیان وایە خوێندکاران زیاتر بەروو تەمبەڵی دەچێت ، چونکە بەشێکی زۆری خوێندکاران هەڵدەستن بەئامادەکردنی ڕاپۆرت کۆپی پەیست و ئەنجامدانی چالاکی بێ سوود . ( لێرە زیاتر فۆکەس لەسەر ڕاپۆرتە و چالاکی ڕۆژانەیە )
2. ئیستیغلال کردن و کۆنترۆڵ کردنی خوێندکاران لەلایەن مامۆستایانەوە ، چونکە لەم پرۆسیە مامۆستا ڕۆڵی زۆری هەیە و زۆرترین نمرەی خوێندکار لەخودی مامۆستایە ، مامۆستا ئازادە لەوەی چۆن نمرەکان دابەش بکات و چۆن خوێندکاران دەردەچوێنێت بەبێ هەبوونی چاودێر و لێپێچینەوە .
3. ئەو بۆلۆنیا پرۆسێسەی لەهەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت زیاتر خۆی وەك سیستەمی کریدت خۆی نواندوە کەمتر دەتوانێت ئامانجەکانی پرۆسەکە مسۆگەر بکات و ئەلینگاریە قورسەکان تێپەڕێنێت . ئەمەش دەرئەنجامی پێچەوانەی دەبێت .
4. بۆلۆنیا  وا دەکات زانکۆکان هەمان منهج و پرۆگرامیان هەبێ ئەوەش وادەکات زانکۆکان هەموو کۆپی پەیستی یەک بن و جیاوازیی جۆری و پێشبرێك دروست نەبێ لەنێوان زانکۆکان ، بەڵام ئەگەر هەر زانکۆیەک تایبەتمەندی خۆی هەبوو پێشبڕێکی و هەوڵی باشترکردن پەیدا دەبێ.

5 . لە بۆڵۆنیا خوێندکار ئەوەندەی بە تاسک و ڕاپۆرت و کویز و دەرەجە کۆکردنەوە خەریکە مەجالی بیرکردنەوەو داهێنانی نابێ ، لەکاتێکدا خۆی ئامانجی خوێدن داهێنان و گۆڕینی مێژوی مرۆڤایەتیە.

**چۆنیەتی جێ بە جێکردنی پرۆسەکە و جیاوازی بۆڵۆنیا لەگەڵ سیستەمە کۆنەکە:**

گرفتە هەناویەکانی پرۆسەکە لەهەرێمی کوردستان ، گرفتەکان ڕێژەین لە زانکۆیەوەک بۆ زانکۆێکیتر دەگۆڕیت تەنانەت لە بەشە زانستەکرداریەکان و زانستە مرۆڤایەتیەکان دەگۆڕێت .گرینگترین جیاوازی بۆڵۆنیا لە گەڵ سیستەمە تەقلیدیەکە لە چەند خاڵێکدا کۆدەبێتەوە،لەوانە :

1. سەنتەرکردنی خوێندکار/ قوتابی و پێدانانی ڕۆڵی زیاتر پێی. بەڵام لەهەمانکاتدا ئەرکی سەرشانی مامۆستاش قورستردەبێ چونکە مامۆستا پێویستی بە خۆئامادەکردنی زیاتر هەیە و پێویستە ساڵانە ئەپدەیتی ئەو کۆرسبوکە بکاتەوە کەهەیەتی بەجۆرێک لەگەڵ بازاری کار بگونجێ .
2. پیادەکردنی سیستەمی کریدت ECTS کە خوێندکار دەبێ خاڵ کۆبکاتەوە تاوەکو دەربچی بە مشێوەیەی خوارەوە - بەکالۆریۆس240 ، ماستەر 120، دکتۆرا 180."بەڵام زۆربەی زانکۆکان و بەش هەڵبژاردەیان دراوەتی کە ئەگەر خوێندکارەکە چەند خاڵکیشی کەمتر بێت ئەچێ بۆ قۆناغی دوواتر "
3. کۆکردنەوە کاتەکانی دەوام کردن و خێراکردنی دەرچوونی خوێندکار ، ئەویش لەڕێگەی کەمکردنەوەی ماوەی خوێندن لە 8 سیمیستەرەوە بۆ 7 سمستەر، ئەمەش لەڕێگەی کردنەوەی زانکۆ تا ئێوارە یان درەنگ. بەڵام لە سیستەمی کۆن زوو زانکۆ دا دەخرێ " لە زۆر شوێن سەرەڕای جدول تا درەنگ وانە هەیە بەڵام وانەکان دەمج دەکرێت تا زوو زانکۆکە دابخرێت"
4. بە پێی سیستەکە کۆنەکە زانکۆ ناوەندێکی شارستانیە کە لەوێوە نرخ و بەها بۆ کۆمەڵگا دەگوازێتەوە و بەسەر کۆمەڵگای دەسەپێنێ بەڵام بۆڵۆنیا کار لەسەر توانای تاک و بەرەوپێشبردنی و دەرئەنجام و بازاری کار دەکات..

بەڵام لەکوردستان ئەمە بەدی ناکری تەنها ئەوەیە سیستەمی ساڵانە کراوە بەسەر دوو سیمیستەر یان دوو کۆرس و ناوەکەی گۆڕدراوە،و هەر هەمان منهج و کۆرسبوک کە بۆ سیستەمی ساڵانە هەیە بۆ بۆڵۆنیا بەکاردەهێندری تەنها دابەشی دوو کۆرس دەکری، لەکاتێکدا لە خودی بۆ ڵۆنیا دەبێ ئەو پاڵەپستۆ و زەختەی لەسەر خوێندکار هەیە بەسەر درێژایی ساڵەکە دابەش بکری و خوێندکار لەو شانزدە حەفتەیەی کە خوێندکار دەخوێنێ منهجەکەی و خاڵەکانی دیاری کراو بێت و لە هەر چالاکیەک خوێندکار خاڵ وەربگرێ .

# سیستەمەکانی بەڕێوەبردنی قوتابییان / خوێندکاران

لە زۆربەی زانکۆ جیهانییە گەورەکان قوتابییان/ خوێندکاران ڕۆڵێکی ئێجگار گەورە و بەهێز لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆیان و ئەنجامدانی چالاکی جۆراوخۆر دەبینن ئەمەش بە بەرجەستەکردنی ماف و ئازدییەکان بە پرۆسەیەکی دیموکراسی و دادگەرانە.

لە هەرێمی کوردستان بەهۆی هەبوونی ڕێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکانەوە, کە هەریەکەیان نوێنەرایەتی حزبێك دەکەن بە تایبەت ڕێکخراوەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵات بوونەتە کەناڵێک بۆ فشاری نامەشرووع بۆ سەر پرۆسەی خوێندن و کەمترین نوێنەرایەتی خودی قوتابییان/ خوێندکاران دەکەن. زۆرجاران وەك نوێنەری حیزب و کەس ڕۆڵ دەگێڕن لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە فشار لەسەر کارگێڕی و توێژی مامۆستایان دروست دەکەن بە مەبەستی بابەتی کەسی و داواکاریی نازانستی و پەککخستنی پرۆسەی خوێندن.

ئێستا سیستەمی بەڕێوەبردنی قوتابییان/ خوێندکاران لە هەندێك زانکۆ گۆڕاوە و لە سیستەمە تەقلیدییەکان جیاوازترە, بۆ نموونە (زانکۆی کۆمار، کوردستان_ هەولێر، زانکۆی ئەمریکی لە کوردستان – دهۆک, ئەمریکی لە عێراق_ سلێمانی) کە ئەم زانکۆیانە تا ڕادەیەك لەو چوارچیوە حیزبییە دەرچوون و نوێنەرایەتی سەربەخۆی قوتابییان/ خوێندکارانیان هەیە و مۆدێلێکی جیاوازتر پێشکەش دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان ئێستا لەناو بەشێکی زۆر لە زانکۆ حکومی و ئەهلییەکان هەن و بە شێوەی مەرکەزی نوێنەر بۆ قوتابییان/ خوێندکاران و ئەنجومەنی زانکۆ و کۆلێژەکان دیاری دەکەن, بە شێوەیەک کۆمەڵەی خوێندکاران لە زانکۆکانی زۆنی سەوز و یەکێتی قوتابییان لە زانکۆکانی زۆنی زەرد ڕۆڵی ڕاستەخۆیان هەیە, بۆیە ئێمە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو کارمان لەسەر هەبوونی نوێنەرایەتی سەربەخۆ و تایبەت بە هەر زانکۆیەک کردووە بۆ ئەم مەبەستەش سێ ساڵ کارمان لەسەر ئامادەکردنی پرۆژەیەك کردووە.

## بە کورتی پرۆژە یاسای نوێنەرایەتیی قوتابییان / خوێندکاران چییە ؟

1 . مۆدێلێکی نوێی سیستەمی قوتابی/خوێندکاری پێشیاز کردووە بە بەرگێکی خۆماڵی.
2 . پرۆژەکە ڕۆڵیکی ئێجگار گەورەی لە بەهێزکردنی سەکردایەتی و دروستکردنی ڕابەری پیشەیی لە ناو قوتابییان/ خوێندکاراندا هەیە
3 . پرۆژەکە کاری لەسەر(سەرلەنوێ) پێناسەکردنەوەی نوێنەر و( نوێنەرایەتییەکان) کردووە.
4 . ئەم پرۆژەیە کاری لەسەر شێوازی نوێنەرایەتیکردنی ڕەگەزی مێ و دروستکردنی کەسایەتیی سەرکردە لەناو مێیندا کردووە بە ڕەخساندنی ژینگەی گونجاو و دەرفەتی یەکسان.
5 . پرۆژەکە لە لایەن پسپۆڕانی بواری یاسایی و پەروەردەیی و خوێندنی باڵا و پسپۆڕانی بواری هەڵبژاردنەوە هەڵسەنگێندراوە.
6 . پرۆژەکە بە ڕاوێژی ڕاستەوخۆی دەزگە گەورەکان و بە بەشداری ڕاستەوخۆی قوتابییان/ خوێندکاران لە هەرێمی کوردستاندا داڕێژراوە.
7 . پرۆژەکە ڕاستەوخۆ پشتئەستورە بەو ڕاپرسییە مەیدانی و ئۆنلاینانەی لەناو قوتابییان/خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە.

## گرنگی و پێوەرەکانی سەرکەوتنی مۆدێلە نوێیەکەی سیستەمی نوێنەرایەتی:

بۆ ئەم سیستەمە یاخود هەرسیستەمێکی هەڵبژاردنی باش دەبێ کۆمەڵێك پێوەری جیهانی و ناوخۆیی بهێنێتە دی، بۆیە ئێمە هەوڵمان داوە ڕەچاوی ئەم پێوەرانە بکەین بۆ ئەوەی ئەم سیستەمە بتوانێ سەرکەتوو بێ و ئەزموون بکرێ.

1. هێنانەدی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و تەبایی لەنێوان قوتابییان/ خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگەکان.
2. هینانە کایەوەی مۆدێلێك (نوێنەرایەتییەك)ی جێگیر و شارەزا, کە کاروباری قوتابییان/خوێندکاران بە لێهاتووییەوە ڕاپی بکا و ڕێکیان بخا.
3. هەلی هەڵبژاردن بۆ هەموو قوتابییان/ خوێندکاران برەخسێنێ وهەڵبژاردنەکە تەواو ئارام بێ.
4. ملکەچکردنی نوینەرایەتی بە لێپرسینەوە لە لایەن قوتابییان/خوێندکاران (دەنگدەرەکان).
5. بەهەند وەرگرتنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی هەڵبژاردن لە کاتی دارشتنی سیستەمی هەڵبژاردن لەناو ناوەندەکان, بۆ نموونە (دەنگدان نهێنی بێ، هەموو قوتابی/ خوێندکارێك مافی بەشداری هەبێ، جیاکردنەوە و ژماردنی ئاشکرای دەنگەکان).
6. بەدیهێنانی ئاستی جیاوازی نوێنەرایەتیکردن (ئاینی جیاواز، نەتەوەی جیاواز, ڕەگەزی جیاواز و حیزبی جیاواز).
7. پرۆسەی هەڵبژاردن پرۆسەیەکە بەردەوامی دەبێ، واتە هەموو ساڵێك لە یەك کات و ڕۆژ ئەنجام بدرێ.
8. هاندانی دروستکردنی یانە و گرووپ و ڕێکخراوی جیاواز لەناو کۆلێژ, کە ئەمە درەفەتی زیاتر بە قوتابییان/ خوێندکاران دەدا, تا بەشدارییان هەبێ لە ناو کۆلێژەکان و چالاکی مۆسیقا و کولتووری و سیاسی و زانستی ڕێك بخەن. بە جۆرێک زانکۆ لە ناوەندێکی ناچالاکەوە بگۆرن بۆ ناوەندێکی مەعریفی و رۆشنبیری گرنگیی پڕ چالاکی.
9. دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەستتێوەردانی دەرەکی لەناو ناوەندەکانی خوێندن و کاروباری قوتابییان/ خوێندکاران.

## هۆکاری دەرچوونی پرۆژەکە:

لە پێناو بەهێزکردنی سەرکردایەتی و دروستکردنی ڕابەری پیشەیی لە ناو قوتابییان/ خوێندکاران و قووڵکردنەوەی کولتووری دیموکراسی لە ناوەندەکانی خوێندن وەك بەشێکی زیندووی کۆمەڵگە، هاوکات بەرفراوانکردنی بەشداری و ئازادییەکانی قوتابییان/ خوێندکاران لە پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتییەکان و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان لەبەردەم هەمووان بە ڕەگەز و نەتەوە و ئایین و لایەنە جیاجیاکان لە کێبڕکێکردن بۆ بەدەستهێنانی متمانەی قوتابییان/خوێندکاران. ئەمەش دەبێتە هۆی ژینگەیەکی گونجاو بۆ فرەیی و ململانێی دیموکراسییانە و بەرزکردنەوەی توانا زانستی و رۆشنبیری و مرۆییەکانی قوتابی/خوێندکار و دروستکردنی نوێنەرایەتییەکی جێگیر و شارەزا بە کاروباری قوتابییان/ خوێندکاران, کە بتوانێ بێ جیاوازی قوتابییان/ خوێندکاران لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و کاروبارەکانیان ڕێک بخا.

## بۆچی ئێمە کار لەسەر هاتنە پێشووەی مێینە دەکەین لە سیستەمەکە؟

ئێمە پێمان وایە دەبێ ئافرەتان بە هۆی کارامەیی و لێهاتووییەوە پلە و پۆست وەربگرن, نەك لەبەر ئەوەی ئافرەتن , بۆیە لە قۆناغی ئێستا ئێمە کارمان لەسەر ڕەخساندنی دەرفەتی ناچاری (جیاکاریی ئەرێنی) کردووە بۆ هێنانە پێشەوەی ڕەگەزی مێ. واتە زیادبوونی ڕێژەی ڕەگەزی مێ بە یەکسانی لەگەڵ ڕەگەزی نێر لە ڕێگەی پیادەکردنی شێوازی دوو نوێنەری ( کچ و کوڕ). ئەمەش بە ئامانجی دروستکردنی ژینگەی گونجاوە, نەك بەتەنیا ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ڕەگەزی مێ.

## ئەم پرۆژەیە تەواو زانستییە:

ئەم پرۆسەیە بریتییە لە پرۆسەی بەهێزکردنی سەرکردایەتی و گەشەپێدانی زانکۆکان و بەیەکبەستنەوەی پێکهاتەکانی لە ڕێگەی دامەزراندنی سیستەمی نوێنەرایەتی تۆکمە و بەرجەستە کردنی دادگەریی ڕەگەزی و ئایینی و نەتەوەیی و سیاسی. بێ گومان ئەم پرۆسەیە پیوستیی بە حیکمەت و دووربینی و نیاز و ویست و پێداگری و لەخۆبوردوویی هەمووان بە تایبەت ڕێکخراوەکان, هەروەها پێوستیی بە فشار و پاڵپشتیی پەرلەمان و کۆمەڵی مەدەنی و هاندانی ڕۆشنبیر و مامۆستایانی زنکۆ و قوتابییان/ خوێندکاران هەیە, ئەگەر بمانەوێ هەرێمەکەمان وەك نیشتمانێکی یەکگرتوو گەشە بکات و بەسەر گرفتەکانیدا زاڵ بێ و زانکۆکانمان ببنە سەرچاوەیەکی باش بۆ دروستکردنی ڕابەری پیشەیی و کەسایەتیی سەرکردە بۆ بازاڕی کار و کۆمەڵگە.

# کردنەوەی زانکۆ و کۆلێژەکان لە شار و شارۆچکەکان

لە هەرێمی کوردوستان لەهەردوو کەرتی تایبەت و گشتی تا دێت ژمارەی زانکۆکان و کردنەوەی زانکۆی نوێ و کۆلێژ و بەشی نوێ ڕوو لە زیادبوونە . ئەمەش زۆر جاران وەك دەستکەوتێکی گرینگ لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە لێکدەدرێتەوە بەوەی لەزۆربەی شار و شارۆچکەکان توانیویانە گرینگی بەکردنەوەی خوێندنی باڵا بدەن و خەڵک و قوتابیانی ناوچەکان سوودمەند بکەن . بەڵام لەڕاستیدا کردنەوەی ئەم هەموو زانکۆ و کۆلێژ و پەیمانگایان جگە لەبارگرانی زیاتر لە ڕووی کارگێری و دارایەوە سوودێکی ئەتۆیان نەبووە لەلایەکی دیکەوە کردنەوەی ئەو ژمارە زۆرە لە زانکۆ و پەیمانگا بێ پلان و لێکۆلینەوەیەکی ورد لەڕووی دیمۆگرافیای و پێویستی ناوچەکە و بە بێ هیچ جۆرە توێژینەوەیەک کارێکی ئەوپەڕی نازانستیە .بگرە لەجیاتی سوود و قازانج بۆ ناوچەکەو قوتابیەکانی گەلێك دەرئەنجامی خراپی لێدەکەویتەوە ، هۆکاری کردنەوەی ئەم هەموو زانکۆیانەش زۆر جار بەهۆی داواکاری دانیشتوانی ناوچەکە و یان پەیمانی لایەنێکی سیاسی یان سەرکردەیکی سیاسی بەخەلکی ناوچەیك بووە .

دەرئەنجامە خراپەکانی کردنەوەی ئەم هەموو زانکۆیانە.

1. نەکرانەوە و قەتیس کردن و هێشتنەوەی خەڵکی لەناوچەکانی خۆیان ، بەمەش خەڵکی پارێزگاکان و شارەکان زیاتر لە یەک دادەبڕێن و تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری و ئاینی کەم دەبێتەوە ، دانیشتوانی ناحیەو شارۆچکەکان ناچنە دەرەوەی شار بخوێنن . کەمتر ئاشنایەتی لەگەل خەلکی شارەکانی تر دروست دەکەن ، چەند هەنگاوێک لە دروستبونی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی و ئاشتەوایی نێوان شارەکان دوادەکەوێ و بگرە زیاتر دەبێت .
2. ساڵانە لەشکرێک لە دەرچوی زانکۆ و پەیمانگامان دەبێت بێ ئەوەی هەلی کاریان دەست بکەوێت یان بە جۆرێک ئامادەکرابن بۆ بازاری کار تا بتوانن لە سەردەمی نوێی کار و بازاڕدا کار بەدەستبهێنن بەمەش ڕێژەی بێکاری لەکۆمەڵگە زیاد دەکات و فشارەکانیش بۆسەر حکومەت زیاتر دەبن .
3. یەکێکی تر لە دەرهاویشتە خراپەکانی کردنەوەی ئەو ژمارە زۆرە لە زانکۆ و کۆلێژی نوێ دابەزینی ئاستی زانستی دەرچوانە بەهۆی نەبون یان دابین نەکردنی پێداویستیەکانی وەک ستافی ئەکادیمی ، لۆجستیکی ، تاقیگە ، باڵەخانەی گونجاو .
4. بێزاربوون و بەهەدەردانی توانایی مامۆستایان لەهاتووچۆی بەردەوامی ڕێگا سەختەکانی نێوان شار و شارچکەکەن بۆ گوتنەوەی وانەکانیان.

**راسپاردە :**

پێویستە دامەزراندن کردنەوەی زانکۆی نوێ زۆر سنوردار و مەرج دار بکرێت وە هەوڵی تێکەل کردنەوەی زانکۆ فەرحیەکانی شارەکان بدرێت سەر لەنوێ لەسەر بنچینەی دیمۆگرافیا و پێویستی ناوچەکە و بازاری کار و پسۆری تایبەت . بۆ نموونە پسۆریەکانی نەوت لەیەك زانکۆ هەبێت لەهەموو شارەکانیتر قوتابی ڕوو لەو زانکۆیە بکات بەمەش تێکەڵاوێکی گرینگی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی و کلتوری ئالوگۆری بیرۆکەی بازرگانی و و دەستپێشخەری کار لەنێوان خوێندکارانی زانکۆکە ڕوودەدات و ناوچەکەش گەشەسەندنی زیاتر بەخۆیەوە دەبێنیت ئاستی کواڵیتی بەرزدەبێتەوە و هەڵئاوسانی پۆستەهەلگرە کارگێریەکان و مامۆستایان و فەرمانبەرانیش کەمدەبێتەوە .

## دۆخی توێژەران و ئاستی توێژینەوەکان لە کوردستان

ئاشکرایە دەستپێکی هەموو پێشکەوتنە زانستییەکان و پیشەسازی و وێژەییەکان توێژینەوە گرنگ و مەزنەکان بووە, کە بوونەتە هۆی سەرچاوەی داهێنان لە بوارە جیاوازەکاندا، نەنگییە ئەگەر باسی زانست بکرێ لەگەڵیدا باسی توێژینەوەی زانستی نەکرێ, لەبەر ئەوەی دووانەیەکی لێک دانەبڕاون و بەبێ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانست گەشە ناکا. توێژینەوەی بەردەوام سەرچاوەی دەوڵەمەندکردنی زانست و باشترکردنی گشت کایەکانی کۆمەڵگایە. کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان چ لە رووە سیاسییەکەی یان پەروەردەییەکەی یان پیشەسازییەکەی، ئەوانەی دیموکراسی و ئازادییەکانی تاک و مافی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی تێیاندا بەرقەرارە، لە میانەی نووسین توێژینەوەکانیانەوە بەم ئاستە گەیشتوون.

لە جیهاندا گرنگیی زۆر بە توێژینەوەی زانستی دەدرێ، لە سەرجەم کایەکانی ژیاندا، توێژینەوەکان دەکرێن و بەکاردەهێنرێن لە چارەسەرکردنی کێشە هەنوکەییەکان و کێشە قووڵەکان و لە بەرەو پێشبردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و دۆزینەوەی نەزانراوەکان،

لێرەدا پرسیارێکی جددی دێتە گۆڕێ و لە مێشکی هەموو تاکێکی ئەم نیشتمانە لە خولانەوەدایە!

ئەرێ لە هەرێمی کوردستان بە کرداری چەند توێژەرمان هەیە؟ تا چەند گرنگیی بە توێژینەوەی زانستی لە زانکۆکان و وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دراوە؟ لە کارنامەی کابینە یەک لەدوای یەکەکان کامیان پاڵپشت بە توێژینەوەی توێژەرێک هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە و دامەزراوەکانیان داوە؟ ئایا سیاسییەکان تا چەند پێشوازییان لە توێژینەوەی توێژەرە سیاسیەکانمان کردووە لە شرۆڤەکردنی پێشهاتە سیاسییە نوێیەکان و بارودۆخی ناوچەکە؟ یا با بڵێین توێژینەوەکان چ گۆڕانکارییەکییان دروست کردووە لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگا و خاک و نیشتمان؟

بەداخەوە دەبێ بڵێین لە زۆربەی زانکۆیەکانی هەرێمدا کاری توێژینەوە کز و لاواز و ئاست نزمە، جا بە هۆی کەمیی توێژەرەوە بێ یان کەمی هاندەری دارایی بێ، زۆربەی هەرە زۆری مامۆستایان بە ئەرکی وانەبێژییەوە سەرقاڵن.

**ساڵانە ژمارەیەکی زۆر توێژینەوە لە هەرێمی کوردستان لە بوارە جیاوازەکان ئەنجام دەدرێن، بەڵام وەک پێویست سوودیان لێ وەرناگیرێ، نەبوونەتە هۆی گۆڕانکاریی گەورە و کاریگەرییان لەسەر بەرەو پێشبردنی رەوتی زانست و کۆمەڵگە و حکومەتی وەک پێویست نەبووە. ئەوەش کۆمەڵێک هۆکاری لە پشتەوەیە:**

1. نەبونی سیستەم و کەشی گونجاو بۆ توێژینەوە، دابیننەکردنی ئامراز و پێداویستییە ماددی و لۆجستیکی و مەعنەوییەکان.
2. کەمتەرخەمیی حکومەت و پاڵپشتینەکردنی توێژەران و تەرخاننەکردنی بودجەی پێویست بۆ توێژینەوە جیاوازەکان و گرنگینەدان بە توێژینەوەکان و کارپێنەکردنیان لە سێکتەرە جیاوازەکان .
3. نەبوونی پلان گشتگیریی حکومەت و نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان توێژەران و کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی تایبەت بە توێژینەوە, کە یەکەیەکی کارگێڕیی حکومین. پێویستە ئەو دامەزراوانە توێژەران ڕابسپێرن و هانیان بدەن بۆ توێژینەوەی زانستی و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی کۆمەڵگە و دامەزراوەکان.
4. زانکۆکان نەیانتوانیوە لە بازنەی کێبرکێی ناوخۆ بازبدەن بۆ کێبرکێی جیهانی لێکدابڕانێکی زۆر هەیە لە نێوان زانکۆکان و کۆلێژەکان و مامۆستایانی زانکۆ و نەبوونی کاری هاوبەش و خەمی هاوبەش لە بەرەوپێشبردنی رەوتی زانست و خەرجکردنی زۆربەی داهاتی زانکۆکان لە مووچە و پاداشتی فەرمانبەران, نەک لە پاڵپشتیکردنی توێژەر و توێژینەوەکان.
5. فشاری زۆر و بەردەوامی سەر مامۆستایانی زانکۆ و توێژەران لە لایان زانکۆوە بە هۆی خوێندنی باڵا و گوتنەوەی وانەی زۆر و زۆری ژمارەی قوتابی/ خوێندکاری ماستەر و دکتۆرا لەگەڵیدا دەبێ لە ئەرکی وانەگوتنەوە بەردەوام بێ.
6. بەکارهێنانی توێژینەوە لە لایەن هەندێ مامۆستاوە وەک بابەتی لاوەکی و تەنیا بۆ پلە بەرزکردنەوە و وەرگرتنی ناسناوی زانستی، هەروەها بەشێکیان بۆ بەدەستهێنانی خاڵی زیاترە لە ریزبەندنی نیشتیمانیی زانکۆکان.
7. نا واقعییبوون لە توێژینەوەکان و ئەنجامدانی توێژینەوەی چەند بارە و هەڵنەبژاردن و کارنەکردن لەسەر کێشەکانی کۆمەڵگا.
8. نەبوونی دیدگە و خەونی گەورە و توێژەران تا ئێستا نەیانتوانیوە توێژینەوەکانیان بکەنە سەرچاوەی داهاتیان، لە رێگەی نووسینی توێژینەوەی زانستیی داهێنەرانە یان چارەسەرکردنی کێشەیەک.

## هەنگاوەکانی چارەسەرکردن

1. تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت لە لایەن حکومەتەوە بۆ پاڵپشتی توێژەران و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی داهێنەران ویاخود ئەو توێژینەوانەی چارەسەری کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە دەکەن لە گشت سێکتەرەکان.
2. تەمویلکردنی زانکۆکان لە ڕێگەی پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ و کاریگەریی توێژینەوەکانیان و دروستکردنی کێبڕکێی لە نێوان زانکۆکاندا.
3. وەبەرهێنان لە توانا مرۆییەکانی زانکۆکان و دووبارە بەگەڕخستنەوەی بەرنامەی تواناسازی.
4. ئاراستەکردن و گۆڕینی دونیابینیی حکومەت بۆ بابەتی توێژینەوە و گرنگیدانی زیاتر بە توێژینەوەکان و بکرێنە سەرچاوەی دروستکردنی بڕیارەکانی حکومەت.

# پۆستە بەوەکالەتەکان!

لە ناو هەموو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم ژمارەیەکی زۆری پۆستی بەتاڵ هەن کە بە وەکالەت پڕکراونەتەوە ، تا ئێرە حاڵەتەکە ئاساییە ، بەڵام پێویستە بە دەقی یاسایی یاخود ڕێنمایی لە یاساکانی هەر سێکتەرێک یا وەزارەتێک بە ڕونی ئاماژە بەوەبکرێت کە کێ بۆی هەبێ بە وەکالەت پۆستێک وەربگرێ وە بۆ ماوەی چەند ئەم وەکالەتە کاری پێ بکرێ لە پاشان بێتە ئەسیل ، یان پۆستەکە پڕ بکرێتەوە بە کەسێکی تری ئەسیل .

هۆکاری هەبونی ئەو ژمارە زۆرە لە پۆستە بەوەکالەتەکان دەگەڕێتەوە بۆ :

1 . هەبونی کۆمەڵێ ئیمتیازاتی بەرزتر و زیاتر وەک لەوەی بە ئەساڵەت لەو پۆستە بن .

2 . هەژمارنەکرنی ماوەی ئەزمونکردنی ئەو پۆستە بەوەکالەتە ، بۆ نمونە سەرۆک زانکۆیەک بۆی هەیە دو خولی چوار سالی سەرۆک زانکۆ بێت بەڵام دەکرێ سەرۆک زانکۆیەک زیاتر لە ماوەی بۆی دیاری کراوە لەو پۆستە بمێنێتەوە ئەگەر چەند ساڵێکی ماوەی ئەزموونکردنی سەرۆکایەتییەکەی بە وەکالەت بێ، ئەمەش زیاتر لە فێڵێکی یاسایی دەچێ ، بۆیە پێویستە بە وردی لە یاساکانی وەزارەت چۆنیەتی پڕکردنەوەی پۆستە بە وەکالەتەکان باسبکرێ ، بۆ ڕاگرێکیش بە هەمان شیوە کە بۆی هەیە چوار ساڵ ڕاگر بێ بەڵام ڕاگری کۆلێژ هەیە چەند ساڵێکی بەوەکالەت و چەند ساڵێکی بە ئەساڵەت ڕاگرایەتی کردووە.

3 . زۆجار بەهۆی دڵنیا نەبون لە دڵسۆزی کەسەکە بۆ فلان شەخس یان فلان حیزب یانیش بۆ فشارخستنە سەری بە لادانی لەو پۆستە چونکە وەکالەتە ، ناچار دەکرێ بەکردنی هەندێکاری نایاسایی ، پۆستەکان بۆ ماوەیەکی زۆر بەوەکالەت پڕ دەکرێنەوە .

4 . زۆر جار بۆمەبەستێکی کاتیە تاوەکو کەسێکی شیاو هەڵدەبژێردرێت بۆ پۆستەکە

# بەشی سێیەم: پاشکۆی داتاکان

## ئاستی جێبەجێکردنی یاساکان بەپێی زانکۆکان

### ئاستی جێبەجێکردنی یاسا لە ناو زانکۆی سەلاحەدین

کۆی ئەو داتایەنەی وەرگیراون بە پێی ڕێبەری دەرچووانی زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر/ خولی (٣٩) (٢٠١٩-٢٠٢٠)ە.

1. زانکۆی سەلاحەدین پێکهاتووە لە ١٢٠ پۆست لە بواری کارگێڕی, کە لە ڕێبەرەکە ئاماژەی پێ دراوە.
2. پۆستی سەرۆکی زانکۆ بەوەکالەتە.
3. پۆستی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی بەتاڵە.
4. ٥ یاریدەدەری ڕاگرەکان لە کۆی گشتی ١٥ یاریدەدەر بە دەر لە یاسا دانراون.
5. ٤٥ سەرۆک بەش لە کۆی ٨٧ سەرۆک بەش ناسناوی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەریان نییە, کە دەکاتە ڕێژەی (٥٢٪)، بە پێی ماددەی ١٨ بڕگەی یەکەم لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پێویستی کردووە, کە سەرۆک بەش دەبێ ناسناوی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەر بێ.

چەند تێبینییەکی گشتی:

- لە کۆی گشتیی پۆستەکان کە ١٠٥ پۆستە ٨٨ پۆستی لە ڕەگەزی نێرە (٨٤٪) و ١٧ پۆستی لە ڕەگەزی مێیە (١٦٪)
- لە کۆی گشتی ١٥ ڕاگر، ١٤ ڕاگر لە ڕەگەزی نێرە (٩٣٪) و ١ ڕاگر لە ڕەگەزی مێیە (٧٪)
- لە کۆی گشتی ٨٧ سەرۆک بەش ٧١ سەرۆک بەش لە ڕەگەزی نێرە (٨٢ ٪) و ١٦ سەرۆک بەش لە ڕەگەزی مێیە(١٨٪)



## 1. بەگوێرەی یاسایی ژمارەی (١٠) ساڵی ٢٠٠٨ ( یاسایی وەزارەتی خویندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی – هەرێمی کوردستان عیراق )

- ماددەی چواردەم برگەی( سێیەم ) : یاریدەدەری ڕاگر بۆ کاروباری کارگێڕی و قوتابییان نابێ پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر بێ .
- لە کۆی ١٥ یاریدەدەری ڕاگر، ٥ یاریدەدەر لە دەرەوەی یاسا دانراون.

| ژمارە | کۆلێژ/ فاکەڵتی | بڕوانامە | پلەی زانستی | پێشێلکاری |
|---|---|---|---|---|
| .1 | ئەندازیاری | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | پلەی زانستی مامۆستا نییە |
| .2 | زانستە سیاسییەکان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | پلەی زانستی مامۆستا نییە |
| .3 | کۆلێژی هونەرە جوانەکان | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | پلەی زانستی مامۆستا نییە |
| .4 | کۆلیژی پەروەردەی شەقلاوە | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | پلەی زانستی مامۆستا نییە |
| .5 | کۆلێژی پەروەردەی مەخموور | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | پلەی زانستی مامۆستا نییە |

## 2. بە گوێرەی یاسایی ژمارەی (١٠) ساڵی ٢٠٠٨ ( یاسای وەزارەتی خویندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی – هەرێمی کوردستان_ عیراق )

- ماددەی ١٨ برگەی یەکەم : دەبێت سەرۆکی بەش یان لقی زانستی بە لایەنی کەم خاوەنی پلەی زانستی ( پرۆفیسۆری یاریدەدەر بێ)
- لە زانکۆی سەلاحەدین ( بەپێی ڕێبەری دەرچووانی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر / خولی (٣٩) )٢٠١٩-٢٠٢٠)) لە کۆی ٨٧ سەرۆک بەش ٤٥ سەرۆک بەشیان لە دەرەوەی مەرجەکانی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا دانراون, کە دەکاتە ڕێژەی ٥٢ ٪ پۆستەکان لەدەرەوەی یاسا دانراون .
- ئەمە لیستەی خوارەوە ئاستی پێشیلکاریەکان دەخاتە ڕوو لەسەر ئاستی بەشەکانی زانکۆی سەلاحەدین .

| ژمارە | کۆلێژ/ فاکەڵتی | بەش | بڕوانامەی سەرۆکی بەش | پلەی زانستی سەرۆکی بەش | ئایا لە بەشەکە پلەی زانستی بەرزترهەیە؟ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1. | زانست | کیمیا | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆر و ٨ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 2. | زانست | فیزیا | دکتۆرا | مامۆستا | ٥ پرۆفیسۆر و٥ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 3. | زانست | زانستی کۆمپیوتەر | دکتۆرا | مامۆستا | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| 4. | زانست | بەشی ماتماتیك | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆر و ٧ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 5. | ئەندازیاری | ئەندازیاری میکانیک | دکتۆرا | مامۆستا | ٤ پرۆفیسۆر و ٧ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 6. | ئەندازیاری | ئەندازیاری بەنداو و سەرچاوەکانی ئاو | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 7. | زانستە سیاسیەکان | سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٧ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 8. | زانستە سیاسیەکان | پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 9. | زانستە ئەندازیارییە کشتوكاڵییەکان | سامانی ئاژەل | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆر و٨ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 10 | زانستە ئەندازیارییە کشتوكاڵییەکان | ڕەزگەری | دکتۆرا | مامۆستا | ١پرۆفیسۆر و٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 11 | زانستە ئەندازیارییە کشتوكاڵییەکان | دارستان | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 12 | زانستە ئەندازیارییە کشتوكاڵییەکان | پاراستنی ڕووەك | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و٦ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 13 | ئەندازیاری کشتوکاڵی | بەروبوومی کێڵگەیی | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٥ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 14 | پەروەردەی بنەڕەتی | زانستە گشتییەکان(خوێندنی بەیانیان) | دکتۆرا | مامۆستا | ٥ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 15 | پەروەوردی بنەڕەتی | ماتماتیك ( خوێندنی ئێواران) | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 16 | پەروەردەی بنەرەتی | زانستە کۆمەڵایەتیەکان (خوێندنی بەیانییان) | دکتۆرا | مامۆستا | ٨ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 17 | پەروەردەی بنەرەتی | زانستە کۆمەڵایەتییەکان (خوێندنی ئێواران) | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٨ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 18 | پەروەردەی بنەرەتی | زمانی کوردی (خوێندنی بەیانییان) | دکتۆرا | | ١ پرۆفیسۆر و ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 19 | پەروەردەی بنەرەتی | زمانی کوردی (خوێندنی ئیواران) | دکتۆرا | | ١ پرۆفیسۆر و ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 20 | پەروەردەی بنەرەتی | زمانی عەرەبی(خوێندنی بەیانییان) | دکتۆرا | مامۆستا | ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 21 | پەروەردەی بنەرەتی | زمانی عەرەبی(خوێندنی ئیواران) | دکتۆرا | مامۆستا | ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 22 | پەروەردەی بنەرەتی | زمانی ئینگلیزی (خوێندنی بەیانییان) | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆر و٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 23 | پەروەردەی بنەرەتی | زمانی ئینگلیزی (خوێندنی ئێواران) | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆر و٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 24 | پەروەردە | زمانی ئینگلیزی | دکتۆرا | | ٥ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 25 | پەروەردە | زمانی سریانی | دکتۆرا | مامۆستا | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| 26 | پەروەردە | زمانی عەرەبی | دکتۆرا | مامۆستا | ٦ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 27 | پەروەردە | زمانی کوردی | دکتۆرا | مامۆستا | ٧ پرۆفیسۆر و ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 28 | ئاداب | مێژوو | دکتۆرا | مامۆستا | ١٢ پرۆفیسۆر و٥ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 29 | ئاداب | کۆمەڵناسی | دکتۆرا | مامۆستا | ٥ پرۆفیسۆر و٦ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| 30 | ئاداب | کاری کۆمەڵایەتی | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 31 | ئاداب | میدیا | دکتۆرا | | ١ پرۆفسیۆر و ٧ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 32 | زمان | زمانی فارسی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 33 | زمان | زمانی فەرەنسی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 34 | زمان | زمانی تورکی | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 35 | زمان | زمانی چینی | ماستەر | مامۆستایی یاریدەر | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| 36 | هونەرە جوانەکان | شێوەکاری | ماستەر | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 37 | هونەرە جوانەکان | سینەما و شانۆ | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ١ پرۆفیسۆر و ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| 38 | کارگێڕی و ئابووری | دارایی و بانک | دکتۆرا | | ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 39 | پەروەردەی شەقلاوە | بایولۆجی | ماستەر | مامۆستا | هیچ پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| 40 | پەروەردەی شەقلاوە | فیزیا | ماستەر | مامۆستا | هیچ پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| 41 | پەروەردەی شەقلاوە | زمانی عەرەبی | دکتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە لە بەشەکە |
| 42 | پەروەردەی شەقلاوە | زمانی کوردی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە لە بەشەکە |
| 43 | پەروەردەی شەقلاوە | پەروەردەی وەرزش | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە لە بەشەکە |
| 44 | پەروەردەی مەخموور | زمانی کوردی | ماستەر | مامۆستا | هیچ پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| 45 | پەروەردەی مەخموور | زمانی عەرەبی | ماستەر | مامۆستا | هیچ پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |

# ئاستی جێبەجێکردنی یاسا لە ناو زانکۆی سلێمانی

## کۆی ئەو داتایەنەی وەرگیراون بە پێی ماڵپەری زانکۆی سلێمانی بووە.

1. زانکۆی سلێمانی پێکهاتووە لە ١٩ کۆلێژ و ١٠٢ بەش
2. بە پێی ماڵپەڕی فەرمیی زانکۆی سلێمانی زانیاری لە بارەی ناوی ١٢ سەرۆک بەش لە کۆی ١٠٢ سەرۆک بەش نەدراوە, هەروەها زانیاری لەبارەی پلەی زانستی لە ٢ سەرۆک بەشەک بەردەست نییە.
3. بە پێی ماڵپەری فەرمی زانکۆی سلێمانی لە سەدا ١٥% ی سەرۆک بەشەکان لە ڕەگەزی مێیینەن.
4. بە پێی مالپەری فەرمی زانکۆی سلێمانی تەنیا ٢ لە ڕاگری کۆلێژەکان لە رەگەزی مێن لە کۆی ١٩ ڕاگر.
5. ماڵپەری زانکۆ هیچ زانیاریکی دەربارەی یاریدەرەی ڕاگرەکان تێدا نییە!

دوا ئەپدەیت و گەڕان لە وێبسایتی زانکۆ ٢٠٢١/٧/١٧



## 1. بە گوێرەی یاسایی ژمارەی (١٠) ساڵی ٢٠٠٨ ( یاسای وەزارەتی خویندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی – هەرێمی کوردستان - عیراق)

- ماددەی ١١ برگەی دووەم: دەبێ یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ کەم خاوەنی پلەی زانستی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر بێ).
- ١ یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بە دەر لە یاسا دانراوە.

| ژمارە | پۆست | بڕوانامە | پلەی زانستی | پێشێلکاری |
|---|---|---|---|---|
| 1. | یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران | دکتۆرا | مامۆستا | پلەی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەر نییە. |

## 1. بە گوێرەی یاسایی ژمارەی (١٠) ساڵی ٢٠٠٨ ( یاسایی وەزارەتی خویندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی – هەرێمی کوردستان_عێراق )

- ماددەی١٤ برگەی یەکەم: دەبێ ڕاگری کۆلێژ خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا بێ و بە لایەنی کەم خاوەنی پلەی زانستی ( پرۆفسۆری یاریدەدەر بێ) و خزمەتی زانکۆیی لە ١٠ ساڵ کامتر نەبێ و بۆ ماوەی ٤ ساڵ لەسەر پێشنیازی سەرۆکی زانکۆ دادەمەزرێ.
- ئەم لیستەی خوارەوە ئاستی پێشێلکارییەکان لەسەر ئاستی ڕاگرەکانی زانکۆی سلێمانی دەخاتە ڕوو.
- لە زانکۆی سلێمانی ( بە پێی ماڵپەری زانکۆ) لە کۆی ١٩ کۆلێژ٦ ڕاگر لە ڕاگری کۆلێژەکان لە دەرەوەی یاسا دانراون, واتە ڕێژەی لە سەدا %٣١,٥ ڕاگرەکان لە دەرەوی یاسا دانراون.

| ژمارە | کۆلێژ | بڕوانامەی ڕاگر | پلەی زانستی ڕاگر | پلەی بەرزترهەیە؟ |
|---|---|---|---|---|
| 1. | کۆلێژی ئەندازیاری | دکتۆرا | مامۆستا | زیاتر لە ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 2. | کۆلێژی هونەرە جوانەکان | دکتۆرا | ناسناوەکەی نەنووسراوە | .......... |
| 3. | کۆلێژی مرۆڤایەتی و پەروەردە/ سەید سادق | دکتۆرا | مامۆستا | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| 4. | کۆلێژی بازرگانی | دکتۆرا | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ماوەی ڕاگرایەتی بەسەرچووە, لە ساڵی ٢٠١٠ ەوە ڕاگرە. |
| 5. | کۆلێژی زمان | دکتۆرا | مامۆستا | زیاتر لە ٧ پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 6. | کۆلێژی پەرستاری | دکتۆرا | مامۆستا | ........... |

## 2. بە گوێرەی یاسایی ژمارەی (١٠) ساڵی ٢٠٠٨ ( یاسای وەزارەتی خویندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی – هەرێمی کوردستان_عێراق )

- ماددەی ١٨ برگەی یەکەم : دەبێ سەرۆکی بەش یان لقی زانستی, بە لایەنی کەم خاوەنی پلەی زانستی ( پرۆفسۆری یاریدەدەر بێ).
- لە کۆی زانیاریی دراو ( بە پێی ماڵپەری زانکۆ) لە کۆی ٩٠ بەش ٤١ سەرۆک بەش لە دەرەوەی یاسا دانراون, واتە ڕێژەی لە سەدا %٤٠,٢ ی سەرۆک بەشەکان
- ئەم لیستەی خوارەوە ئاستی پێشیلکاریەکان دەخاتە ڕوو لەسەر ئاستی بەشەکانی زانکۆی سلێمانی .

| ژمارە | كۆلێژ / فاكەڵتی | بەش | بڕوانامەی سەرۆكی بەش | پلەی زانستی سەرۆكی بەش | ئایا لە بەشەكە پلەی زانستی بەرزتر هەیە؟ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1. | كۆلێژی پزیشكی | ئەناتۆمی و هیستۆلۆگی( التشریح والأنسجة) | دكتۆرا | مامۆستا | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| 2. | كۆلێژی پزیشكی | بایۆ كیمستری | دكتۆرا | مامۆستا | ١پرۆفیسۆر و ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 3. | كۆلێژی پزیشكی | بەشی پزیشكیی منداڵان | ماستەر | مامۆستا | 2 پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 4. | كۆلێژی پزیشكی | فسیۆلۆجی | دكتۆرا | مامۆستا | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| 5. | كۆلێژی پزیشكی | پزیشكی دەروونی | دكتۆرا | مامۆستا | ١پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 6. | كۆلێژی ددانسازی | نەشتەرگەری دەم پوك | دكتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەر ی هەیە |
| 7. | كۆلێژی ددانسازی | پزیشكی ددانی منداڵان ، ڕاستكردنەوەی ددان ، ددان پارێزی) | دكتۆرا | مامۆستا | 2 پرۆفیسۆری یاریدەدەر ی هەیە |
| 8. | كۆلێژی ددانسازی | زانستی بنەڕەتی | دكتۆرا | مامۆستا | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| 9. | كۆلێژی ددانسازی | Prosthodontics (پزیشكی ڕاسكردنەوەی ددان) | دكتۆرا | مامۆستای یاریدەدەر | 2 پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 10. | كۆلێژی دەرمانسازی | Pharmaceutics(دەرمانسازی) | دكتۆرا | مامۆستا | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| 11. | كۆلێژی دەرمانسازی | نۆرینگەی دەرمانسازی | دكتۆرا | مامۆستا | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| 12. | كۆلێژی دەرمانسازی | Pharmacognosy & Pharmaceutical Chemistry | كتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 13. | كۆلێژی پەرستاری | (بنچینەی پەرستاری) | دكتۆرا | مامۆستا | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| 14. | كۆلێژی پەرستاری | پەرستاری تەندروستی منداڵان) | دكتۆرا | مامۆستا | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| 15. | كۆلێژی ئەندازیاری | ئەندازیاری كارەبا | دكتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری هەیە |
| 16. | كۆلێژی ئەندازیاری | ئەندازیاری سەرچاوەكانی ئاو | دكتۆرا | مامۆستای یاریدەدەر | 6 پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 17. | كۆلێژی زانست | بایەلۆجی | دكتۆرا | مامۆستا | ١١ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 18. | كۆلێژی زانست | زانستەكانی كۆمپیوتەر | دكتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 19. | كۆلێژی پەروەردە | فیزیا | دكتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 20. | كۆلێژی پەروەردە | بیركاری | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە, بەڵام ٣ دكتۆرای هەیە |
| 21. | كۆلێژی زانستەسیاسییەكان | سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان | دكتۆرا | مامۆستا | ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 22. | كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت | زانستەكانی كۆمپیوتەر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| 23. | كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت | پەروەردەی هونەر | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| 24. | كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت | كوردی | دكتۆرا | مامۆستا | ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| 25. | كۆلێژی زمان | ئینگلیزی | دكتۆرا | مامۆستا | ٥ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| 26. | كۆلێژی زمان | فارسی | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەیە |
| 27. | **كۆلێژی زمان** | **وەرگێڕان** | دكتۆرا | مامۆستا | ......... |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| .28 | کۆلێژی مرۆڤایەتی | شوێنەوارناسی | دکتۆرا | مامۆستا | |
| .29 | کۆلێژی بازرگانی | Financial Accounting and Auditing | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| .30 | کۆلێژی بازرگانی | Statics and Computer | ماستەر | مامۆستا | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| .31 | کۆلێژی بازرگانی | Market Economics | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەر نییە |
| .32 | کۆلێژی بازرگانی | Project Management | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەر نییە |
| .33 | کۆلێژی بازرگانی | Banking and Finance | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەر نییە |
| .34 | کۆلێژی بازرگانی | Tourism | ماستەر | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە، یەکێکیان سارۆکی نوسینگەی ڕاوێژکاریی بازرگانییە |
| .35 | کۆلێژی بازرگانی | Information Technology | دکتۆرا | مامۆستا | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| .36 | کۆلێژی بازرگانی | International Commerce | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| .37 | کۆلێژی هونەرە جوانەکان | مۆسیقا | دکتۆرا | مامۆستا | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەر نییە |
| .38 | کۆلێژی هونەرە جوانەکان | هونەری پلاستیک | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەر نییە |
| .39 | کۆلێژی هونەرە جوانەکان | فیلم دروستکردن | دکتۆرا | مامۆستا | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەر نییە |
| .40 | کۆلێژی مرۆڤایەتی و پەروەردە/سەید سادق | مێژوو | ماستەر | مامۆستای یاریدەدەر | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەر نییە |
| .41 | کۆلێژی مرۆڤایەتی و پەروەردە/سەید سادق | جوگرافیا | دکتۆرا | مامۆستا | هیچ پرۆفیسۆری یاریدەدەر نییە |

# ئاستی جێبەجێکردنی یاسا لە ناو زانکۆی دهۆک

تێبینی : کۆی ئەو داتایەنەی وەرگیراون بە پێی ماڵپەڕی زانکۆی دهۆک بووە ٢٨ ی تەموز – 7ی ئاب) https://www.uod.ac/.

1. زانکۆی دهۆک پێکهاتووە لە ١٨ کۆلێژ و٧٨بەش کە لە ماڵپەڕەکە ئاماژەی پێ دراوە.
2. لە کۆی گشتیی ٧٨ سەرۆکی بەش ، داتای تەنیا ٥٦ سەرۆک بەش بەردەستە لەم ژمارەیەش ٣٢ سەرۆک بەش ناسناوی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەریان نییە، واتە بە دەر لە یاسا دانراون ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (٦٧٪)
3. لە کۆی گشتی ٧٨ سەرۆکی بەش، ٢٢ سەرۆک بەش پرۆفایلیان لە وێبسایتەکە بەردەست نییە.
4. لە کۆی گشتی ١٨ ڕاگری کۆلێژەکان،٢ ڕاگر مەرجە یاساییەکانیان تێدا نییە (١١٪)
5. ١٣ ڕاگر لە کۆی گشتی ١٨ ڕاگر بە وەکالەت لە پۆستەکانیاندان
6. جێگری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی (بەوەکالەت) لە پۆستەکەیدایە
7. جێگری سەرۆکی زانکۆ بۆ کارووباری زانستی پرنەکراوەتەوە.

## چەند تێبینییەکی تر:

-1 لە کۆی گشتیی ٨٠ پۆست, کە لە ماڵپەڕەکەدا پرۆفایلیان بەردەستە ١٠ کەس لە ڕەگەزی مێیە, کە ئەمەش دەکاتە ١٢% ی پۆستەکان.
-2 لە کۆی گشتی ١٨ ڕاگر ١٦ڕاگر لە ڕەگەزی نێرە, کە ئەمەش دەکاتە % ٨٨ی پۆستەکان.
-3 لە کۆی گشتی ٣٥ سەرۆك بەش کە پرۆفایلیان بەردەستە ٢٧ سەرۆك بەش لە ڕەگەزی نێرە ئەمەش دەکاتە % ٧٧ی پۆستەکان.



## 1. بە گوێرەی یاسایی ژمارەی (١٠) ساڵی ٢٠٠٨ ( یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی – هەرێمی کوردستان عیراق )

- ماددەی١٤ برگەی یەکەم : دەبێ ڕاگری کۆلێژ خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا بێ و بە لایەنی کەم خاوەنی پلەی زانستی ( پرۆفیسۆری یاریدەدەر بێ) و خزمەتی زانکۆیی لە ١٠ ساڵ کامتر نەبێ و بۆ ماوەی ٤ ساڵ لەسەر پێشنیاری سەرۆکی زانکۆ دادەمەزرێ.

- ئەمە لیستەی خوارەوە ئاستی پێشیلکاریەکان دەخاتە روو لەسەر ئاستی ڕاگرەکانی زانکۆی دهۆک

- لە زانکۆی دهۆک ( بەپێی ماڵپەری زانکۆ ) لە کۆی ١٨ کۆلێژ ١ ڕاگر لە ڕاگری کۆلێژەکان لە دەرەوەی یاسا دانراوە, بەلام ١٣ ڕاگر بۆ ماوەی زیاتر لە ٥ ساڵە پۆستەکانیان بەوەکاڵەتە .

| ژمارە | کۆلێژ/ فاکەڵتی | بڕوانامەی ڕاگر | پایەی زانستی ڕاگر | پلەی بەرزترهەیە ! |
|---|---|---|---|---|
| 1. | کۆلێژی کارگێری و ئابووری | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆر و زیاتر لە ١٥ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |

## 2. بە گوێرەی یاسایی ژمارەی (١٠) ساڵی ٢٠٠٨ ( یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی – هەرێمی کوردستان_عێراق )

- ماددەی ١٨ برگەی یەکەم : دەبێت سەرۆکی بەش یان لقی زانستی بە لایەنی کەم خاوەنی پلەی زانستی ( پرۆفیسۆری یاریدەدەر بێت).

- لە کۆی زانیاریی دراو ( بە پێی ماڵپەری زانکۆ ) لە کۆی ٥٦ بەش ٣٢ سەرۆک بەش لە دەرەوەی یاسا دانراون, واتە ڕێژەی لە سەدا ٥٧% ی سەرۆک بەشەکان

- ئەم لیستەی خوارەوە ئاستی پێشێلکاریەکان لەسەر ئاستی بەشەکانی زانکۆی دهۆک دەخاتە ڕوو

| ژمارە | کۆلێژ/فاکەڵتی | بەش | بڕوانامەی سەرۆکی بەش | پایەی زانستی سەرۆکی بەش | ئایا لە بەشەکە پلەی زانستی بەرزترهەیە؟ |
|---|---|---|---|---|---|
| .1 | ئەندازیاریی کشتوکاڵ | بەروبومی ئاژەڵ | دیار نیە | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆر ٦ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| .2 | ئەندازیاریی کشتوکاڵ | گەشتوگوزاری ژینگەیی | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| .3 | ئەندازیاریی کشتوکاڵ | دارستان | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆرو٦ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| .4 | کۆلێژی ئەندازیاری | شارستانی | دیار نیە | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆر و ٦ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| .5 | کۆلێژی ئەندازیاری | سەرچاوەکانی ئاو | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆر و ٣ پرۆفیسۆری یاریدەدەرهەیە |
| .6 | کۆلێژی ئەندازیاری | تەلارسازی | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| .7 | کۆلێژی ئەندازیاری | کارەبا و کۆمپیوتەر | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر و ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| .8 | کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان | بەشی مێژوو | دکتۆرا | مامۆستا | ٧ پرۆفیسۆر و ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 9. | کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان | بەشی سیاسەتی گشتی | دکتۆرا | مامۆستا | ١ پرۆفیسۆر هەیە و پرۆفیسۆری یاریدەدەری نییە |
| 10. | کۆلێژی زمان | زمانی ئینگلیزی | دکتۆرا | مامۆستا | ٤ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 11. | کۆلێژی پزیشکی ڤێتەنەری | نەشتەرگەری و پزیشکی هەناو | دکتۆرا | مامۆستا | ٥ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 12. | کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری: | زانستی دارایی و بانک | دکتۆرا | مامۆستا | ٢ پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەیە |
| 13. | کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری | ئامار | دکتۆرا | مامۆستا | هیچ پرۆفیسۆرێکی یاریدەدەری نییە |
